




پەیامی بەڕێز د. میرۆ عەلیار،...
٤




وتەکانی بەڕێز هیجری...
٥



کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و...
٨



سووریە لە گلۆپی سەوزەوە تا...
٩



١١ی سێپتامبر دوای ١٢ ساڵ
١٠

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦١٣، یەکشەممە، ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢، ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

بیست و یەك ساڵ بەسەر تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری جوامێری نەتەوەکەمان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا تێپەڕ دەبێ. ئەو پرسەی کە هێشتا دوای ١٦ ساڵ بەسەر ڕوونبوونەوەی لایەنەکانی تیرۆری ئەم ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەی کورد لە مێژوودا دەبریسکێتەوە، بڕیاری ئازایانە و دادپەروەرانەی دەزگای دادوەریی وڵاتی ئاڵمانە کە بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی خەباتی ئەم نەتەوە بەشخوراوەدا دەدرەوشێتەوە. هیواداریین ڕۆژێك دابێت کە دەزگای دادوەریی وڵاتی ئوتریشیش بە چاو لێکردن لە بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنووس، ناوی خۆی لە پێرستی دۆستانی نەتەوەی کورددا تۆمار بکات و ڕەهەندە دزێوەکانی تیرۆری ڕێبەری هەڵکەوتووی نەتەوەکەشمان دوکتور قاسملووی هەمیشە نەمر بە شێوەیەکی فەرمی بۆ بیروڕای گشتیی جیهانیان ڕوون بێتەوە.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### میکۆنووس

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریی بڕ لە جینایەت و شوورەیی خۆیدا، نەك هەر لە نێوخۆی وڵات، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بە دەیان جار دەستی داوەتە تیرۆر و سڕینەوەی فیزیکیی نەیارانی خۆی و سڵی لە هیچ پرەنسیپ و یاسایەك نەکردۆتەوە و تەنیا بیری لە پاراستن و بەردەوامیی دەسەڵاتە ناڕوا و دژەگەلییەکەی خۆی کردۆتەوە.

٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی لە ڕێستووورانی میکۆنووسی شاری بێرلینی وڵاتی ئاڵمان، لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیان کاك فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاك هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و نووری دێهکۆردی دۆست و هاوڕێی حیزب و چالاکی سیاسیی ئێرانی درانە بەر دەستڕێژی گوللە و تیرۆر کران.

دادگای ئاڵمان بۆ ماوەی نزیك بە چوار ساڵ کەوتە لێکۆڵینەوە لەو جینایەتە و سەرەڕای هەموو ئەو گوشارە هەمەلایەنانەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی ڕاگرتن و بە لاڕێدابردنی ڕەوتی دادگاییەکە خرایە سەری، دەروەستانە جووڵایەوە و لە کۆتاییدا و پاش ٢٤٧ دانیشتنی دادگا و وەرگرتنی شاهێدی لە ١٧٠ کەس، بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە ڕێکخستنی پیلان و دەرکردنی فەرمانی تێرۆری میکۆنووسدا بە تاوانبار ناساند. ئەوە یەکەمینجار بوو ڕێژیمی ئێران و بەرپرسانی باڵای بە هۆی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە تاوانبار دەکران. ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین دادگای میکۆنووس لە پاش دادگای نۆرنبێرگ کە لە ٢٠ی نۆڤامبری ساڵی ١٩٤٥ و پاش جەنگی جیهانیی دووهەم بە مەبەستی دادگایی کردنی ٢٢ کەس لە ڕێبەرانی ئاڵمانی نازی بە تاوانی کۆمەڵکوژیی زیاتر لە ٥٠ میلیۆن جوولەکەوە بەڕێوەچوو، گرینگترین دادگایەك بوو کە لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەچوو.

ئەو هەڵوێستە ئازایانەی دادگای میکۆنووس سەرەڕای ئەوەی ئێعتبارێکی نێونەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی دادوەریی دادگای ئاڵمان تۆمارکرد، شەرمەزارییەکی مێژوویی خستە سەر شانی وڵاتی ئۆتریش و دادگا ناسەربەخۆکەی. بڕیاری دادگای میکۆنووس پێوەندیی وڵاتانی ئێران و ئاڵمان و تەنانەت وڵاتانی دیکەی ئەندام لە یەکیەتی ئۆرووپاشی تووشی قەیرانێکی قووڵ کرد و کۆماری ئیسلامیی ئێران چیدیکە نەیتوانی بێ سڵ کردنەوە لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانیی هەوڵی لەناوبردنی نەیارانی خۆی لە ڕێگەی تیرۆرەوە لە وڵاتانی ئورووپایی بدات.

# دادگای میکۆنووس زاڵبوونی عەداڵەت، حەقیقەت و هیوا



بەبۆنەی بیست و یەکەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دکتور سادق شەرفکەندی و هاوڕێیانی، ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی خەرمانان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە ڕێوڕەسمێك بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە کە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو، سەرەتا بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان د.میرۆ عەلیار بەم بۆنەیەوە باسێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

بەڕێز عەلیار لە وتەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد: "لێرەدا کۆبووینەتەوە تاکوو ئەم تاوانەی کە بەرامبەر بە نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکرات کراوە مەحکووم بکەین، بێزاریی خۆمان بەرامبەر تیرۆریزم دەرببڕین و ئیزن نەدەین ئەم تاوانە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد کردوویەتی لەبیر بکرێت".

دوکتور عەلیار لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی شەهید شەرەفکەندی وتی: "دوکتور سەعید ڕێبەرێك بوو کە پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی مەزن نەیهێشت ئاڵای خەباتی ئازادیخوازیی حیزبەکەمان لە شەکانەوە بکەوێ و نەیهێشت پیلانی ڕێژیم دژی نەتەوەی کورد سەر بگرێت".

لە درێژەدا بەڕێزیان وتی: "ئەگەر تا پێش لە بڕیاری کۆتایی دادگای میکۆنووس کەسانێك یان ڕەوتگەلێك گومانیان هەبوو لە تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی، پاش ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگا، ئەو گومانانە ڕەوییەوە و بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا بوو کە تیرۆریزمی دەوڵەتی بووە بە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران".

هەر بەم بۆنەیەوە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەش بە ناردنی پەیام بۆ ئەم ڕێوڕەسمە، هاوخەمیی خۆیان بە بۆنەی شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرە مەزنەی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد دەربڕی.

هەروەها پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز سەربەست شەهابی جێگری سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانەوە خوێندرایەوە.

دەقی وتەکانی بەڕێز د.میرۆ عەلیار لەم ڕێوڕەسمەدا لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەیەدا چاپ کراوە.

## ئیسراییل: چیدیکە بۆ ئێران درەنگە

سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل، حەسەن ڕووحانی بە فریودانی بیروڕای گشتی تۆمەتبار دەکات.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ئاڵمان، بێنیامین نەتانیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل ڕۆژی هەینی ٢٩ی خەرمانان، بە هێما کردن بۆ یەکێ لە وتووێژەکانی ئەمدواییانەی سەرکۆماری نوێی ئێران وتوویەتی:" ئێمە نابێ بە وشە فریودەرەکانی سەرکۆماری ئێران بگەڕێینەوە بۆ تاریکی. ناوبراو هەموو شتێك سەرەونخوون پیشان دەدات تا سانتریفیووژەکان لە سووڕان ڕانەوەستن."

بێنیامین نەتانیاهۆ هۆشداری داوە کە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێ تەنیا بەشێکی کەمبایەخ لە پرۆگرامە ناوکییەکانی ڕاوەستێنێ، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییەکەی بپارێزێ.

هاوکات "یووال ئێشتاینتێز" وەزیری زانیاری و کاروباری ئێستراتیژیکی ئیسراییل لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئیسراییلی وتوویەتی کە دانووستان لەگەڵ ئێران لەسەر پرۆگرامە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە دێر بووە و ئەم وتووێژانە سوودێکیان نابێ.

ئەم کاربەدەستە ئیسراییلییە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێران لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوودا یەکەمین بۆمبی ناوکی خۆی بەرهەم دێنێ.

ئێشتاینتێز هەروەها دەڵێ:" ئێرانییەکان بە سەرەنجدان بە نەبوونی سێناریۆیەکی هەڕەشەئاسا، وا بیر دەکەنەوە کە دەتوانن مانۆڕ بدەن. ئەوەیکە ئامریکا و ئیسراییل تەنیا هێما دەکەن کە ئەگەری هێرشێکی سەربازی هەیە، بەس نییە."

سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل بە هێما کردن بۆ ئەگەری ئاسانکاریی گەمارۆکانی سەر ئێران بە هۆی نەرمی نواندنەکانی حەسەن ڕووحانی وتی، گوشار بۆ سەر ئێران تا ڕاوەستانی تەواوی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە باتی کەمبوونەوە دەبێ زیاد بکرێ.

## لێبوردنی نێونەتەوەیی: ئیعدامی کوردەکان لە ئێران ڕاوەستێنن

لێبوردنی نێونەتەوەیی بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێ هەواڵی ئیعدامی چوار شارۆمەندی کورد بە مەترسی زانیوە. ئەم چوار کەسە دەڵێن لە کاتی دەستبەسەربوونیاندا ئەشکەنجە کراون و لە بوونی پارێزەر بێبەش بوون.

جەمشید دێهقانی و برا چووکەکەی جەهانگیر دێهقانی، حامید ئەحمەدی و کەماڵ مەولایی لە ١٤ی نوامبری ٢٠١٠ لە لقی ٢٨ی دادگای شۆڕش لە شاری سنە موحاکمە کراون. ئەم چوار کەسە لە کاتێکدا لە مافی بوونی پارێزەر بێبەش بوون، بە تۆمەتگەلێ وەك "شەڕ لەگەڵ خودا" و "گەندەڵی لەسەر زەویدا" حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە.

لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆیدا نووسیویەتی، ئەم چوار کەسە لەمدواییانە زانیویانە کە حوکمی ئێعدامەکانیان لە دیوانی باڵای وڵاتدا پشتڕاست کراوەتەوە و بۆ بەشی بەڕێوەبردنی حوکمەکان نێردراوە. یەکێ لە کاربەدەستانی بەندیخانە بە شێوەی نافەرمی تۆمەتبارانی ئاگادار کردووەتەوە کە حوکمی ئێعدامەکانیان لە ڕۆژانی داهاتوودا جێبەجێ دەکرێ.

لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ:" ئاگادار کراوەتەوە کە ئەم تۆمەتبارانە لە کاتی دەستبەسەربوونیاندا و پێش لە دادگاییکردن ئەشکەنجە کراون و لە ژێر گوشار و هەڕەشەدا، دەقگەلێکیان واژۆ کردووە بە بێ ئەوەیکە بزانن نێوەرۆکەکەی چییە."

لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ئەندامانی خۆی و چالاکانی مافی مرۆڤ داوای کردووە بە ناردنی نامە بۆ کاربەدەستانی ئێرانی، خوازیاری ڕاگرتنی حوکمی ئیعدامی ئەم چوار کەسە و دادگایی کردنەوەی دووبارەی ئەوان بە پێی ستانداردە جیهانییە دادوەرییەکان بن.

## پەیامی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستان بەبۆنەی ٢١ەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور سەعید

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢١ەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە بە تیرۆری میکۆنوس ناسراوە، جارێکی دیکە وێڕای دەربڕینی بێزاریی خۆمان لە ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران، ئەو کارەساتە بە خسارێکی مەزن بۆ گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی دەزانیٖ.

بیروڕای گشتیی جیهان ئاگادار دەکەینەوە کە سیستمی کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی دەسەڵاتی نگریسی خۆی بە ناو ئیسلامەوە لە هەموو کردەوەیەکی نامرۆڤانە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام بەداخەوە دوای ئاشکرابوونی کردەوەی تیرۆری میکۆنوس و ریسوایی ئەم ڕێژیمە، دەستی لە تیرۆر و گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامی ئاشکرا و نهێنی هەڵنەگرت، قەتڵە زنجیرەییەکان و دەیان تیرۆری دیکەی بە کارنامەی ڕەشی ئەم ڕێژیمەوە زیاد کردووە.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسلامی پیرۆزەوە بڕوانین و کردەوەکانی کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران هەڵسەنگێنین، ئەوا ئەو ڕاستییە دەردەکەویٖ کە نەك هەر ڕێژیمی ڕەشەکوژ دەکەوێتە خانەی دژبەری ئایینی ڕاستەقینەوە کە لەودا مافی ژیان بۆ هەر تاك و کۆمەڵێك دیاریکراوە، بەڵکوو کارەسات لەوێدایە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بە عەبا و عەمامەی ئایینەوە لە ژێر ناو و سێبەری قورئانی پیرۆز و ئیسلامدا لە هیچ خەیانەتێك سڵیان نەکردووە.

ئێمە وەك یەکیەتیی زانایانی ئایینی، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی هۆشیار دەکەینەوە کە بە هاتنە سەرکاری ڕووحانی هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێك لە پێکهاتەی کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران بەدی نەهاتووە و تەنانەت هاتنەسەر کاری ڕووحانی بە مەبەستی قەوام و دەوامی کۆماری بەناو ئیسلامی و درێژکرنەوەی تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمەیە.

لە کۆتاییدا، پشتگیری خۆمان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دووپات دەکەینەوە و جارێکی دیکە هەر چەشنە تیرۆر و ڕەشەکوژییەك مەحکووم دەکەین و پرسە و ماتەمین بۆ کارەساتی میکۆنوس و هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕین.

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران
٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی

## شاندێکی پێوەندییەکانی کۆمەڵە سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتیان لە هەولێر کرد

شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی سادق زەندی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو حیزبە لە هەولێر، سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتیان لە شاری هەولێر کرد.

ئەو شاندە ڕۆژی سیٖشەممە ئەو سەردانەیان ئەنجام دا و لەلایەن شاندێکی پێوەندییەکانی حیزب بە سەرپەرستی محەممەد ساڵح قادری بەرپرسی پێوەندییەکان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازییان لێکرا.

سەرەتا قادری خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم سەردانە دەربڕی و پیرۆزبایی لە سادق زەندی بە بۆنەی دەست بەکاربوونی وەك بەرپرسی تازەی پێوەندییەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر کرد.

لەو دانیشتنەدا باسێکی سیاسی لەسەر پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچە بەگشتی و کورد بەتایبەتی کرا و شوێندانەریی گۆڕانکارییەکانی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە سەر جووڵانەوەی کورد بەگشتی و زەرووڕەتی هاوئاهەنگی و هاوکاریی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر تاوتویٖ کرا.

لە کۆتاییدا هەردوولا لەسەر بەردەوامیی پێوەندییەکان پێداگرییان کردەوە.

## ڕێزدار هیجری لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامەکانی تەشکیلاتی ئاشکرا کۆ بووەوە

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانان کۆبوونەوەیەك بۆ ئەندام کۆمیتە و سەرشانەکانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری پێکهات.

سەرەتا کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی یەك خولەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر بەڕێز مستەفا هیجری باسێکی سیاسیی لەسەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسە پێوەندیدارەکان بە حیزبی دێموکراتەوە هێنایە بەرباس و لەسەر هەر کامیان بە وردی دوا.

دواتر ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی کۆمیسیونی سیاسی ـ نیزامی ڕاپۆرتێکی لە کار و تێکۆشانی چەند مانگەی بەشی تەشکیلات پێشکەش بە ئامادە بوان کرد.

هەر لەو پێوەندییەدا باسێکی تەشکیلاتی لەلایەن لوقمان مێهفەڕ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکراوە هاتە بەر باس و پێشکەشی بەشدارانی کرد.

بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ ڕا و تێبینی بەشدارانی کۆبوونەوەکە و دواتریش لەلایەن بەرپرسانی پێوەندیدارەوە وەڵامی ئەو تێبینی و پرسیارانە درانەوە.

لەکۆتاییدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی لەئەنجامی کۆبوونەوەکە پێشکەش بە بەشداران کرد.

## بەشداریی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات ـ بێلژیک، لە ڕێوڕەسمی ٢١ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە پاریس

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ بێلژیك لە پێرلاشێز، لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان، ٢١ەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی کاك دوکتور سادق و هاوڕێیانی بەشداریی کرد.

ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی یادی ٢١ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە شاری بێرلین، لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە بەشداریی ئەندامی ڕێبەریی حیزب و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستانی و ئێرانی و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە بێلژیك بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و بەتایبەت هەر سیٖ ڕێبەری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، دەستی پیٖ کرد.

دواتر پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن بەڕێز "عەلی ئەشرەف مورادی" ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

مورادی، ئاوڕێکی لەسەر جینایەتی میکۆنۆس دایەوە کە لەلایەن تیرۆریستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بە مەبەستی تیرۆرکردنی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی ڕێکخرابوو.

پاشان عەلی ئەشرەف مورادی، تیشکی خستە سەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستان و ئێران بەتایبەت و یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هێز و لایەنەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لە ئێراندا بە پێویستییەکی گرینگ و مێژوویی زانی و ئامادەبوونی حیزبی دێموکراتی بۆ هەر جۆرە هەوڵ و هاوکارییەك لەم پێناوەدا دەربڕی.

ناوبراو پڕژایە سەر دۆخی قەیراناویی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و کێشە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و ڕێژیمی ئیسلامیی بەهۆکاری سەرەکیی هەموو ئەم نەهامەتییانە لەقەڵەم دا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا دوکتور کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس وتەیەکی پێشکەش کرد و تیشکی خستەسەر تایبەتمەندیی کەسایەتیی شەرەفکەندی وەکوو قوتابییەکی بەوەجی دوکتوور قاسملوو لە ڕێکخستنی خەباتی حیزبی دێموکرات و هەروەها ڕۆڵ و هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی هێزە کوردییەکان و حیزبە ئازادیخوازەکانی ئێرانی وەکوو کەسایەتییەکی لێهاتوو و کارامە.

## لە کۆڕیادێکدا ٥ حیزب و ڕێکخراوی ئێرانی و کوردستانی، کۆمەڵکوژیی ساڵی ٦٧یان مەحکووم کرد

ڕێوڕەسمی یادکردنەوە لە قوربانییانی ساڵی ٦٧ لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ هولەند، کۆمیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، ڕێکخراوی ئیتیحادی فیداییانی خەلقی ئێران و ڕێکخراوی فەداییانی خەلقی ئێران (زۆرینە) بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕیادەدا ناسر موئەزن نووسەر و وەرگێڕ و هەروەها فوئاد تابان سەرنووسەری ماڵپەڕی "ئەخبار رووز" وەکوو میوانی کۆڕیادەکە چەند باسێکیان پێشکەش کرد.

ناسر موئەزن، ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران وتارەکەی بە کۆمکوژیی گوندەکانی قاڕنیٖ و قەڵاتان دەست پێکرد و هەروەها سەبارەت بە کتێبەکەی کە لەسەر کارەساتی هاوینی ساڵی٦٧ نووسراوە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

فوئاد تابان برای موجتەبا تابان کە یەکێك لە ئێعدامکراوانی ساڵی ٦٧ە، پڕژایە سەر چۆنیەتیی ڕووداوەکە و ڕۆڵی مستەفا پوورمحەممەدی وەزیری دادی ئێستای کابینەی ڕووحانی لە ئێعدامەکانی ساڵی ٦٧ی بۆ بەشداران شی کردەوە.

بەشی کۆتایی ئەو سمینارە بۆ پرسیار و وەڵامدانەوەی بەشداران تەرخان کرابوو.

لە گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ژمارەیەکی زۆر زیندانیی سیاسی کە زیاتر تۆمەتی ئەندامەتی و هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی ئوپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئێران درابووە پاڵیان، ئێعدام کران.

زۆربەی سەرچاوەکان باس لە ئێعدامی ٢٥٠٠ هەتا ٥٠٠٠ زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران لە ساڵی ٦٧دا دەکەن کە بە کۆمەڵ لە گۆڕستانی خاوەران لە شاری تاراندا نێژراون.

## بەڕێز مستەفا هیجری سەردانی مامۆستا عەزیز، کەسایەتیی دیار و نیشتمانپەروەری کوردی کرد



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانان (١٢ی سیپتامبر) بەڕێز مستەفا هیجری بە مەبەستی ئاگادار بوون لە باری تەندروستیی عەزیز محەممەد، کەسایەتی ناسراو و تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان، لە شاری هەولێر سەردانی بەڕێزیانی کرد.

لەو دیدارەدا وێڕای ئاگاداربوون لە ڕەوشی تەندروستیی مامۆستا محەممەد کەسایەتی شۆڕشگێڕ و سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی عێراق، هەلومەرجی ئێستای کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوچە قسەیان لەسەر کرا.

مامۆستا عەزیز محەممەد وێڕای پێشوازییەکی گەرم لە بەڕێز هیجری و دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو سەردانە، هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ لێکنزیك کردنەوە و پێکەوە هاوکاری کردنی هێز و لایەنەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە کارێکی بەرز و جێی بایەخ نرخاند.

## لە ماوەی دوو حەوتوودا ٢٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون



لە نیوەی یەکەمی مانگی خەرماناندا، ٢٠ هاووڵاتی لە ئێران لەلایەن دەزگا قەزایی و ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە حوکمی ئێعدامەکانیان جێبەجیٖکراوە و دوو کەسی دیکەش حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

ئەو ٢٠ کەسە لە نیوەی یەکەمی مانگی خەرماناندا (١ هەتا ١٤ی خەرمانان) حوکمەکانیان جێبەجیٖکراوە و لەکۆی گشتیی ئەو ڕێژەیە سیٖ کەسیان کورد بوون.

زۆرترین ڕێژەی ئێعدام لەو ماوەیەدا لە شاری "قۆم" جێبەجیٖ کراوە و تێیدا ٥ کەس ئێعدام کراوە و دوای ئەم شارە، شارەکانی کرمان و ئەهواز بە دووهەم و سێهەم لە بواری ڕێژەی ئێعدام دێنە ئەژمار.

لە شاری قوم ٥ کەس، کرمان ٤ کەس، ئەهواز ٣ کەس، ئیسفەهان ٢ کەس، ئەردەبیل، وەرامین، کاشان، کرماشان (دیزل ئاباد)، ئیلام و سنە هەر کامەو ١ کەسی تێدا ئێعدام کراوە.

لەو پێوەندییەدا هەواڵدەریی هرانا بڵاوی کردۆتەوە کە هەر لەو ماوەیەدا دوو کەسی دیکەش بە ئێعدام مەحکووم کراون کە یەکێکیان کوردە و خەڵکی شاری سەڵماسە.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە دەزگا قەزاییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تاوانی بەشێك لەو ئێعدام کراوانەیان پێوەندیدار بە مادە سڕکەرەکان و مرۆڤ کوشتن، ڕاگەیاندووە.

**بڕووخیٖ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢١ەمین ساڵڤەگەڕی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی وهاوڕێیانی لە رێستۆرانی میکۆنوس لە شاری برلینی ئاڵمان، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و نووسینی دروشمی تایبەت بەو بۆنەوە بە شێوەی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکییان تێدا کراوە بریتین لە: سەلاسی باوەجانی،"رێژاو"ی سەربە ناوچەی "داڵاهۆ"، گیلانغەرب، سەیرانگای "گوڵین"ی شارستانی گیلانغەرب، ناوچەی زەهاو، کرماشان، قەسری شیرین، سنە، سەقز، بۆکان، مەهاباد و زۆرێك لە ناوچە و گوندەکانی کوردستان چالاکیی تێدا بەڕێوە چوو لەو پێوەندییەدا سەرنجی خوێنەرانی ئازیز بۆ ماڵپەڕی کوردستان میدیا رادەکێشین.

## رێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو

بە بۆنەی ٢٦ خەرمانان، ٢١ەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆرکرانی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، رێوڕەسمێك بە بەشداریی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو.

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٧ خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی ئەو رێوڕەسمە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی میکۆنوس، دەستی پێکرد.

پاشان "قاسم کەڵەشی" ئەندامی ناوەندی ٣ی کوردستان، پەیامی "ناوەندی ٣ی کوردستان"ی پێشکەش کرد و دوابەدوای ئەوەش پەخشانێك لەلایەن "خالید پاریاد"ەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی کۆمیتەی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "سنوور حەیرانی"ەوە خوێندرایەوە و پاشان سروودێك لەلایەن "جەماڵ ئیسماعیلی" و گرووپی لاوانی ناوەندی ٣ی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

دواتر پەخشانێك لەژێر ناوی "تا بۆ کوردستان چاوەڕوانی" لەلایەن "زەهرا عەزیزی"یەوە خوێندرایەوە.

پاشان سروودێك لەژێر ناوی "ئەی هەواڵی تێکۆشەر" لەلایەن گرووپی لاوانی ناوەندی ٣ی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

رێوڕەسمەکە بە خوێندنی مەقام و سروودی "شیعری یادگار" کە لەلایەن کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا، کۆتایی پێهات.

## رێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو

رێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان، ٢١ەمین ساڵڤەگەڕی کارەساتی میکۆنوس لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو.

دوانیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، رێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان، ٢١ەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور سەعید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە بەشداریی ژمارەیەك لە پێشمەرگە و ئەندامی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو.

رێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی میکۆنوس دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی ناوەندی ١ی کوردستان بەبۆنەی ٢١ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاووڕێیانی لەلایەن بەڕێز "تاهیر کەسیلی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان خوێندرایەوە.

پاشان پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ١ی کوردستان لەلایەن "ئاویەر شێخی"یەوە پێشکەش کرا و دوابەدوای ئەوەش پەخشانێك لە لەلایەن "ناسێح خاکی"یەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کەمپی کاوە، خوێندرایەوە و دوای ئەوەش پەخشانێك لەژێر ناوی "مامۆستا و فرمێسك" لەلایەن "چنار بەهرامی"یەوە پێشکەش کرا.

دواتر پارچە شیعرێك لەلایەن بەڕێز "عوسمان کەرەمی" بەو بۆنەوە پێشکەش کرا.

لە نێوئاخنی ئەم رێوڕەسمەدا کۆمەڵێك سروود بەبۆنەی ٢١ەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەلایەن کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرا.

## ١٣٪ی خەڵکی ئێران نەخوێندەوارن

نزیك بە ١٠ میلیۆن نەخوێندەواری سەرەوەی تەمەن ٦ ساڵ لە ئێراندا هەیە، کە بە بەراورد لەگەڵ سەرژمێریی ساڵی ١٣٨٥، ئەو رێژەیە کەمی نەکردووە.

بەرپرسی رێکخراوی "نێهزەت سەواد ئامووزی"ی ئێران سەبارەت بە دوایین ئامارەکانی نەخوێندەواری وتوویەتی: "بەگوێرەی ئەنجامەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، لە نێو دانیشتوانی سەرووی تەمەن ٦ ساڵدا، ٩ میلیۆن و ٧١٩ هەزار نەخوێندەوار هەیە کە ٣ میلیۆن و ٤٥٦ هەزار و ١٨١ کەسیان لە تەمەنی نێوان ١٠ هەتا ٥٠ ساڵدان".

وازهێنان لە خوێندن لە قۆناخی سەرەتاییدا یەکێك لەو هۆکارانەی زیادبوونی رێژەی نەخوێندەواری لە ئێراندایە.

لە سەرژمێریی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا، ٩ میلیۆن و ٨٣٠ هەزار نەخوێندەوار هەبووە کە پاش ٥ ساڵ ئەو رێژەیە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

بە وتەی بەرپرسی ئەو ئیدارەیە، لە سەدا ٦٢ی نەخوێندەوارانی ئێران لە سەرووی تەمەنی ٥٠ ساڵیدان و ٥,٢٪یش لەو رێژەیە تەمەنیان لە خوارەوەی ١٠ ساڵیدایە.

ئەو قوتابییانەی کە لە قۆناغی سەرەتاییدا واز لە خوێندن دێنن، لە ریزی نەخوێندەواران بەئەژمار دێن.

٣٤٠ هەزار نەخوێندەواری بیانیش لە ئێراندا ژیان بەسەر دەبەن.

## دوابەدوای کوژرانی چەکدارێکی سپای پاسداران لە ناوچەی سەلاس، ژمارەیەک هاووڵاتی دەستبەسەر کران

شەوی شەممە رێکەوتی ١٦ی خەرمانان ژمارەیەك کۆڵبەر و هاووڵاتیی مەدەنی لەلایەن هێزەکانی سەر بە پاسگای شێخ سڵە لە ناوچەی سەلاس دەستبەسەر کران.

جەوهەر رەمەزانی، سالار خودامورادی، عەدنان بارامی، عومەر بارامی و جەماڵ مورادی، ناوی ژمارەیەك لە دەستبەسەر کراوەکانن.

بە وتەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، ئەو کەسانە کە نزیك بە ٣٠ کەس دەبن، بە هۆیەکی ناڕوون لە لایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون.

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی١٦ی خەرمانان هێزەکانی رێژیمی ئێران لە ناوچەی سەلاس هێرشیان کردبووە سەر کۆڵبەران و هاووڵاتییانی مەدەنیی کورد و لە ئەنجامدا دوو کەس لە چەکدارەکانی سپای پاسداران کوژران و بریندار بوون.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، کۆڵبەرێکی کوردیش لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا بریندار بووە.

بەپێی ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" لە سەرەتای مانگی خەرمانانەوە هەتا ئێستا ٧ کۆڵبەری کورد بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بوونەتە قوربانی.

لە کۆی گشتیی ئەو رێژەیە، ٢ کەس کوژراون و ٥ی دیکەش بریندار کراون.

## دوو کۆڵبەری خەڵکی بانە لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیان، گیانیان لەدەست دا

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠ی خەرمانان کۆڵبەرێکی کورد بەناوی سەردار شەریف سالار کوڕی "حوسێن"ی عەلی شیرین لە دایك بووی ئاوایی بایندەری ناوچەی بانە، گیانی لەدەست دا.

سەردار لە خاڵی سنووریی "هەنگەژاڵ" لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی رێژیم تووشی راوەستانی دڵ بووە و گیانی لەدەست داوە.

بە وتەی ژمارەیەك کۆڵبەر کە هاوڕێی سەردار بوون، ئەو بارەی کە بە کۆڵی سەردارەوە بووە زۆر قورس بووە و هەروەها کاتێکیش کە لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە تەقەیان لێکرابوو، سەردار تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بووە و دڵی وەستاوە.

"سەردار شەریف سالار" خێزاندار بوو و تەنیا بە مەبەستی دابین کردنی بژێوی ژیانی بنەماڵە رووی لە پیشەی کۆڵبەری کردبوو و دانیشتووی شاری بانە بوو.

لەلایەکی دیکەوە سەرلەبەیانیی پێنجشەممە رێکەوتی ٢١ی خەرمانان کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی یوونس کوڕی محەممەد خەڵکی ئاوایی کانی شیلانی بانە بە هۆی رووداوێکی نەخوازراوەوە گیانی لەدەست دا.

بە وتەی شایەتحاڵان ئەو کۆڵبەرە کوردە بە هۆی رووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست داوە.

کۆڵبەرانی کورد بێجگە لە رووداوی سروشتی و نەخوازراو، بەردەوام هەڕەشەی کوشتنیان لەلایەن هێزەکانی رێژیمی ئێرانەوە لەسەرە.

بەپێی ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە سەرەتای مانگی خەرمانانەوە هەتا ئێستا ٥ کۆڵبەری کورد بە تەقەی هێزەکانی رێژیمی ئێران لە ناوچەکانی کوردستان بوونەتە قوربانی.

لە کۆی ئەو ٥ کەسە، کۆڵبەرێك کوژراوە و چواری دیکەش بریندار کراون.

## دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد



دایکی بەڕێز "کەریم پەرویزی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە، بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

شەوی یەکشەممە رێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، خاتوو "ئامینە ویسی" کچی "خواموراد" لە دایك بووی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی و دایکی کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد.

تەرمی دایە ئامینە پاش گەڕانەوە بۆ شاری کامیاران لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ئەو شارەدا بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خاتوو "ئامینە ویسی" و خزم و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان کۆچی دوایی کرد

"هێرش بەرجەستە" بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێنەوە لە ئاوایی "سەوڵی تەپە"ی ناوچەی ئاڵەشین کۆچی دوایی کرد.

هێرش کوڕی مام تاغی، خێزاندار بووە و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە دایك ببوو.

چەندین کەس لە بنەماڵەی ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکرات پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر و ئازار دراون.

هێرش هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی وەك ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرك و راسپاردەکانی حیزبی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان و ئاڵەشین جێبەجێ کردووە.

## دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات لە سەقز کۆچی دوایی کرد

دایکی "رەحیم هێژا" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی گەورکی سەقز کۆچی دوایی کرد.

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی دایە "خەدیجە کەریمی" دایکی "رەحیم هیمەتی" ناسراو بە "رەحیم هێژا" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا لە گوندی "قەباغلۆو"ی سەربە شاری سەقز ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

دایە خەدیجە یەکێك لەو شێرە ژنانە بوو کە هەردەم خەمخۆری حیزب و گەلەکەی بوو و بنەماڵەی ناوبراو نیشتمانپەروەر و جێگای رێزی خەڵکی شاری سەقز بوون.

دایە خەدیجە هەمیشە بە سەربەرزییەوە باسی لە رێباز و بیرو باوەڕی کوڕەکەی دەکرد و بە شانازییەوە وەسفی دەکرد.

دایە خەدیجە لە گوندی "قەباغلۆو"ی سەربە ناوچەی "گەورك"ی سەقز ماڵئاوایی لە ژیان کرد و هەر لەوێیش بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵەی دایە "خەدیجە کەریمی" و کاك "هێرش بەرجەستە" دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# پەیامی د. میرۆ عەلیار، به بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵڕۆژی تیرۆری میکۆنووس

میوانە بەڕێزەکان، هاوڕێیانی تێکۆشەر!
سڵاو، ئەوکاتەتان باش!

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی هاوڕێیان د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و هەروەها کاک نوری دێهکوردی چالاکی سیاسی و دۆستی حیزبی دێموکرات، لە ڕێستورانی میکۆنوس لە بێرلین لەلایەن تیمێکی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کران.

ئەورۆ جارێکی دیکە لێرە کۆ بووینەوە کە بە یەکەوە بیرەوەری ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتووە و هاوڕێیانی بەرز ڕابگرین و ڕێز لە خەبات و فیداکارییان بگرین.

هاتووین ئەو جینایەتە سامناکە دژ بە نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات مەحکووم بکەین، بێزاریی خۆمان لە تیرۆریزم دەرببڕین و ڕێگە نەدەین ئەو تاوان و غەدرە قورسەی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد لەبیر بچێتەوە.

لەلایەن دەفتەری سیاسیی ح.د.ک.ئ. بەخێراهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم کە تەشریفیان هێناوە و سوپاس بۆ هەموو ئێوە هاوڕێیانی بەڕێز کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریتان کردوە.

د. سادق شەرەفکەندی، ناسراو بە د. سەعید، ئەو سەرکردە بەوەج و لێهاتووە بوو کە پاش تێروری ڕێبەری مەزن د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی گرتە دەستی بەتوانای خۆی و نەیهێشت ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازیی حیزبەکەمان بکەوێتە سەر زەوی. ڕێگەی نەدا پیلانی دژەگەلیی ڕێژیم سەر بکەوێ و دوژمن بە حیزبی دێموکرات خۆش بێ.

هەر ئەو لێوەشاوەیی و خۆڕاگرییەی د. شەرەفکەندی، بوو بە چقڵی چاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بڕیاری لەنێوبردنیان دا.

لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەماندا زۆر جاران دیاردەیەکی تاڵ و پڕئاکام دووپات بۆتەوە. هەرکاتێك دوژمن زەفەری بە ڕێبەری جووڵانەوە بردبێ و کوشتبێتی، بەدوای ئەودا جووڵانەوەکەش تووشی پاشەکشە و شکست هاتووە.

کۆماری ئیسلامی
ڕاست بەو

هیوایە د. قاسملووی تێرور کرد.

بەڵام کاك سەعیدی نەمر نەیهێشت ئەزموونی تاڵی "مەرگی ڕێبەر، کۆتایی شۆڕش" دووپات ببێتەوە وئەو شانازییەی بە ناوی خۆی تۆمار کرد و لاپەڕەیەکی نوێی لە خەبات و خۆڕاگری هەڵدایەوە.

بە تیرۆری د. سادق شەرەفکەندی، دوژمن کەلێنێکی قووڵ و بەژانی خستە نێو حیزبی دێموکرات و زەبرێکی قورسی لە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردستانی ئێران دا. بەڵام ئامانجی سەرەکی ڕێژیم لە تیرۆرەکە کە بە چۆکداهێنان و لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوە بوو، وەدی نەهات و وەدی نایە.

بە پێچەوانە، ئەو تیرۆرە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لاوانی وشیارتر کردەوە، هەستی نەتەوایەتی و بیری ڕزگاریخوازیی تێدا بەهێزتر کردن و متمانەی کورد بە کۆماری ئیسلامیی نەهێشت.

لەلایەکی دیکەوە، حوکمی دادگای بێرلین کە بە دادگای میکۆنوس ناوبانگی دەرکرد و لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) ڕاگەیەندرا، بەمانای تەواوی وشە بوو بە کارەسات بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران:

- دادگای "میکۆنوس" لە بڕیارێکی بوێرانەدا و بە زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە، پیلانە تێروریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەقاو دا و وەك ڕێژیمێکی تێروریستی بە بیروڕای گشتی جیهانی ناساند.

لە بڕیاری داداگای میکۆنوسدا هاتووە:

"لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت کە دەسەڵاتبەدەستانی ئێران نەك هەر کردەوەی تێروریستی پەسند دەکەن و بە شێوەیەکی باوەڕنەکرا قاتڵەکان خەڵات دەکەن، بەڵکوو بۆخۆیان پلانی ئەو جۆرە تێرورانە دژی ئەو مرۆڤانە دادەڕێژن کە تەنیا بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییان کەوتوونەتە بەر ڕق و تۆڵەوە. ئەوان نەیارانی خۆیان تەنیا بۆ خاتری پاراستنی دەسەڵات لەنێو دەبەن".

دەبینین کە ئەگەر هەتا دەرچوونی بڕیاری دادگای میکۆنووس لایەنی وا هەبوون بە شێوەیەك گومانێکیان لە تێروریست بوونی ڕێژیمی ئێراندا هەبوو، دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین ئیدی ئەو شك و گومانە ڕەوییەوە و بۆ هەموو لایەك روون بووەوە کە تیرۆریزمی دەوڵەتی بۆتە بەشێکی ئەساسی لە سیاسەتی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی.

با ئاماژە بکەم کە بڕیاری دادگای "میکۆنوس" بڕیاری دادگایەکی ئاسایی چەند حەوتووە و هی دادگایەکی فەرمایشی وەك دادگاکانی ئێران نەبوو. بڕیاری دادگای میکۆنوس بەحەق ناوی "بڕیاری مێژوویی" لێ نرا.

دادگای میکۆنوس لە وڵاتی حقوقی ئاڵمان، یەکێك لە وڵاتە هەرە دێموکراتیك و مودێڕنەکانی دنیا پێکهات. دادگایەکی سەربەخۆ و خاوەن ئیعتبار. یەکێ لە پڕهەزینەترین دادگاکانی مێژووی ئاڵمان کە ٣ ساڵ و نیو درێژەی کێشا و لەو ماوەیەدا ١٧٠ کەس وەك شایەد بانگ کرانە دادگا و پرسیاریان لێکرا. ئەو شایەدانە تەنیا لەنێو ئۆپۆزسیۆندا دەستبژێر نەکرابوون. ژمارەیەکی بەرچاویان لایەنگری ڕێژیم یان بێ لایەن بوون و ژمارەیەکیان پسپۆڕ و شارەزای بوارەکانی سیاسی و تیرۆریزم بوون.

قاتڵەکان چەند کەس لە گرانترین وەکیلەکانی ئاڵمانیان بۆ گرتبوون.

- ئەوەندەی زانیاری من ڕێگە بدا، هەتا ئەوکاتە، ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە دادگای وڵاتێك ڕێبەرانی وڵاتێکی دیکە کە لە حاڵی دەسەڵاتداریدان، بە ڕێکخەر و بەڕێوەبەری جینایەتێك تاوانبار بکا.

دادگا بە روونی بەرپرسایەتی پلاندارشتن و تیرۆریی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دەخاتە ئەستۆی "کۆمیتەی تایبەت بە عەمەلیاتی دەرەوەی سنوور" (کمیته ویژه عملیات برون مرزی) و بە ئاشکرا ئەو کەسانە نێودێر دەکا کە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیەن و بڕیاری کوشتن و لەنێوبردنی ڕێبەران و چالاکانی ئۆپۆزیسیۆنییان بەدەستە:

علی خامنەای ڕێبەری ئەوکات و ئێستای ڕێژیم، اکبر هاشمی ڕەفسنجانی سەرکۆماری ئەوکات و سەرۆکی ئێستای مەجلیسی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، علی اکبر ولایتی وەزیری دەرەوەی ئەوکات و ڕاوێژکاری ئێستای خامنەای لە کاروباری دەرەوەدا، علی فلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات و ئەندامی ئێستای مجلس خبرگان، محسن ڕەزایی فەرماندەی ئەوکاتی سوپای پاسداران. یانی ڕێبەرانی ڕێژیم لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا.

- بڕیاری دادگای میکۆنوس نەك هەر پێوندیی نێوان ئێران و ئاڵمان، بەڵکوو پێوەندیی نێوان ئێران و یەکیەتیی ئوروپای تووشی قەیرانێکی قووڵی دیپلوماسی کرد کە ئاسەوارەکەی ئێستاش نەسڕاوەتەوە.

لە ١٧ ئاوریلی ١٩٩٧ حەوتوویەك دوای دەرچوونی حوکمی دادگا، پارلمانی ئاڵمان کۆبوونەوەی هەبوو. ئەو ڕۆژە نوێنەرانی هەموو فراکسیۆنەکان سەبارەت بە بڕیاری دادگای میکۆنوس قسەیان کرد و تێکڕایان تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامییان تەقبیح کرد و پشتیوانیان لە سەربەخۆیی دادگای بێرلین دەربڕی.

ل پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەی پارلمانی ئالماندا هاتوە کە "هەموو ساڵۆنەکە چەپڵەی لێدا". چەپڵە بۆ بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین.

لە ئالمان ١٤ دیپلۆماتی ئێرانی دەرکران، لەوانە حسین مووسویان سەفیری ئێران و امانی فراهانی سەرکونسولی ڕێژیم لە بێرلین.

لە ٢٩ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی لە لووگزامبوورگ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، یەکجێ ئەو تاوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی مەحکوم کرد، سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و پێوەندیی دیپلۆماتیکی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەك ڕاگرت.

یەکیەتیی ئورووپا دوای ئەوەی هەموو مەرجەکانی خۆی بە سەر ئێراندا سەپاند، ئەوجار سەفیرەکانی ناردەوە تاران.

- بە قەولی "هانس یوئاخیم ئێریگ" وەکیلی بنەماڵەی قوربانیەکان، "هەتا پێکهاتنی دادگای میکۆنوس ئورووپا ببوە عەرزی بێ قانوون و بێ لێپرسینەوە بۆ تیرۆریستەکانی ئێرانی بە پاسپورتی دیپلۆماتیکیەوە. بەڵام بڕیاری دادگای میکۆنووس ئەو عەرزەی لەژێر پێی تیرۆریستان کرد بە پۆلوو و جێگایەکی پڕمەترسی".

ئورووپا بە هۆی ژمارەیەکی بەرچاو بەڵگە و ئەسنادی موعتەبەر، چۆکی بە کۆماری ئیسلامی داهێنا و ناچاری کرد کە تەعهۆد بدا چی دی لە سەر خاکی ئورووپا دەست بۆ کاری تیرۆریستی نەبا.

- ڕوونکردنەوەی تیرۆری ڤییەن.

هەرچەند هەر لە ئەوەڵین ڕۆژەکانەوە بۆ ئێمە و خەڵکێکی زۆر گۆمانێك لەوەدا نەبوو کە نەمر د. قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کراون، بەڵام دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش ڕێگەی نەدا دادگایەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو جینایەتە پێك بێ و تاوانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دادگاشەوە روون بکرێتەوە.

بەڵام بڕیاری دادگای بێرلین ئەو غەدرەی قەرەبوو کردەوە و تاوانی تیرۆری ڤییەنیشی بەدەست کۆماری ئیسلامی روون کردەوە.

لە بڕیاری دادگای میکۆنوسدا، دوای ئەوەی بەوردی ئاماژە بە دەوری کاریگەر و یەکلاکەرەوەی حدکا. لە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران دەکرێ، دەڵێ:

"بۆ کپکردنی ئەو دەنگە، حدکا.، ڕێبەریی سیاسیی ئێران بڕیاری دا کە ڕێبەری حدکا، نەك هەر لە باری سیاسییەوە سەرکوت بکا بەڵکوو لە نێویشی بەرێ. کوشتنی د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سەرۆکی ئەوکاتی حدکا، لە ١٣ی جوولای ١٩٨٩ لە ڤییەن و ئەو تاوانەی لێرە مەحکووم کراوە (تیرۆری د. سەعید) ئاکامی ئەو بڕیارن. ئەو هێڵە سوورەی (خوێناوی) کە ڕووداوەکانی ڤییەن و بێرلین وێك دەخاتەوە لەوە ئاشکراترە کە نەبیندرێ".

دەبێ بڵێین، بڕیاری دادگاش لەوە روونتر و ڕاشکاوانەترە کە گومانێکی هێشبێتەوە.

- زاڵبوونی عەداڵەت، حەقیقەت و هیوا بەسەر دیکتاتوری و تەمابڕاویدا.

بە درێژایی مێژوو دیکتاتور و ملهوڕەکان هەوڵیان داوە عەداڵەت بخنکێنن، حەقیقەتەکان بسڕنەوە و هیوا بە دواڕۆژ لە دڵی ئازادیخوازاندا بمرێنن.

بەڵام سەرنەکەوتوون و سەرناکەون. زۆرداران دەتوانن مرۆڤەکان بکوژن، بەڵام لە بەرامبەر عەداڵەت و حەقیقەت و هیوادا عاجز و داماون و ڕۆژێك بە دندووك پێوە دەبن.

هیوا و ئومێد هەمیشە خۆی بەسەر جەور و جەهل و جەهالەتدا دەسەلمێنێ.

هاوڕێیانی بەڕێز!
لە قسەکاندا ئاماژەم بە بۆچوونی دادگای

بڕوانە لاپەڕە ٥



دوکتور میرۆ عەلیار، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارەمین فێستیڤاڵی هاوینیی نێرگز



منداڵە خۆشەویستەکان!

هاوڕێیانی بەڕێز!

بەرپرسانی بەشەکانی پەروەردەی منداڵان، زۆر بەخێر بێن بۆ ئەم فێستیڤاڵە، منیش خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بەشدارم لەو فێستیڤاڵەدا کە چوارەمین فێستیڤاڵی ناوەندی نێرگزە کە بۆ منداڵانی پێك دێنێ، فستیڤاڵێك بە دروشمی "هەموو منداڵی یەك نیشتمانین". دیارە بە ناوەرۆکیش ئەو دروشمە جێبەجێ بووە و منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو فێستیڤاڵەدا کۆ بوونەتەوە و بەشدارن، بێگومان یەکێك لە ئێش و ئازارە هەرە بەهێزەکان کە کۆمەڵگاکەمان لە هەموو بەشەکاندا دەیچێژێ لەسەر منداڵانمانە. منداڵانێك ئاوارە دەبن کە لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، لە شەڕەکاندا، لە ئاشتییەکاندا هیچ تەئسیرێکیان نییە، بەڵام قوربانیی زوڵم و زۆر و شەڕئەنگێزانی مەنتەقە دەبن کە هەر جارە و لە بەشێکی کوردستانی دابەشکراودا بە شێوەیەك و لە ژێر سەیتەرەی دیکتاتۆرییەکدا مەجبور دەبن وڵات و زێدی خۆیان بەجێ بێڵن و ئاوارە بن. رەنگە یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی فێستیڤاڵی چوارەمی منداڵان ئەوە بێ کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی رۆژئاوای کوردستان لە ژێر تەئسیری شەڕێکدا کە حکوومەتی بەعسی سووریە دژی هەموو خەڵکی سووریە پێکی هێناوە و بەتایبەتی دژی خەڵکی کورد، ئاوارە بوون و لە زێد و ماڵ و خۆشەویستەکانی خۆیان دوور کەوتونەوە. دیکتاتۆرەکان هەموویان لە هەموو قۆناغێکدا هەر یەکە و بە جۆرێك ویستوویانە بە سەرکوت و زەبروزەنگ و وێرانکردنی کوردستان و دەربەدەرکردنی خەڵکی ئەو نیشتمانە، خەڵکی کورد لە داخوازییەکانی خۆیان کە داخوازە سەرەتاییەکانی ژیانی ئەوڕۆی دنیای پێشکەوتوون، بێدەنگ بکەن. منداڵانیان کوشتووە، ژن و پیاوەکان ئەنفال کراون، وڵاتەکەیان وێران کراوە، ئەوە چارەنووسێکە کە دەیان ساڵە گەورە و چووکە و بەتایبەت منداڵانی کورد ئەزموونی دەکەن. هەر ئەو ناوەندەی نێرگز کە هەستاوە بە پێکهێنانی ئەو فێستیڤاڵە، بۆ خۆی ناوەندێکی منداڵانی ئاوارەی رۆژهەڵاتە. لە باشووریشدا وەك دەزانین کە بە دەیان ساڵ خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان لەگەڵ منداڵەکانیان ئاوارەی وڵاتەکانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران بوون و بە دەیان ساڵ لەو وڵاتەدا مانەوە و لە ئاوارەییدا بوون، بەڵام ئێستا بە خۆشییەوە گەڕاونەتەوە باوەشی نیشتمان و زێدی خۆیان و لە باوەشی بنەماڵەکانیاندا پەروەردە دەبن.

ئەو بەربەرەکانێیەی کە لە کوردستان، لە هەموو بەشەکانیدا هەیە، نیشان دەدا کە پیلانی دوژمنان بۆ ئاوارە کردن و دەربەدەر کردنی کورد و منداڵانی کورد، نەیتوانیوە ئەوان بە ئامانج بگەیەنێ، بەڵکوو ئەو ئێش و ئازارە هەرچەند بەهێزتر و توندتر بێ هەستی نیشتمانپەروەری و خەبات بۆ بەربەرەکانێ، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد و تێکوپێك رووخاندنی حکوومەتی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار بە سەر بەشەکانی کوردستاندا، بەهێزتر بکا. بۆیە هەر ئەو جیلەی کە ئێستا لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەبات دەکا بۆ مافی نەتەوایەتی، دەیهەوێ چیدیکە گەلی کورد، منداڵانی کورد ئاوارە و دەربەدەر نەبن و لە وڵاتی خۆیاندا بتوانن ژیانێکی بەختەوەرانەیان هەبێ وەکوو هەموو گەلانی بەختەوەری ئەوڕۆکانە، ئەوانە ئاڵای خەباتیان بەدەستەوەیە و ساتێکیش ئەو ئاڵایە لە دەستیان نەکەوتووە. بەتایبەتی لەو سەردەمەدا، ئێمە دەبینین لەگەڵ ئەوەی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان و منداڵەکانمان هەر بەردەوامە و لە هەموو بەشەکاندا ئاوارەیی و بەجێهێشتنی ماڵ و ژیان هەر بەردەوامە، بەڵام بە خۆشییەوە دەبینین دوژمنانی گەلەکەمان، ئەوانەی کە ویستوویانە نەتەوەی کورد چاوترسێن بکەن، منداڵەکانیان بکووژن، گەورەکانیان لە زیندان بکەن، ئەوانەن کە بەرەو رووخان و نەمان دەچن. ئێمە دڵنیاین کە گەلی کورد بەو ئاگایی و وشیارییە سیاسییەی کە بەدەستی هێناوە، بە خەباتێك کە درێژەی دەدا و کۆڵ نادا و منداڵکانیان لە ژێر زەبر و زەنگ و توند و تیژی و بێبەشیدا پەروەردە دەبن، ئاگایی سیاسییان بەرزتر دەبێتەوە، باشتر لە خەباتدا بەشدار دەبن بۆ ئەوەی کە ئەو مافانەیان کە پێشێل کراوە بتوانن بە دەستی بێنن. ئێوە منداڵانی خۆشەویست کە لە چوارەمین فێستیڤاڵی ناوەندی نێرگزدا بەشدارن، نموونەیەکی زیندوون بۆ ئەو ئیدیعایەی ئێمە. رەنگە دوژمنانی ئێمە لەو فکرەدابن کە منداڵانی ئێمە هەمیشە بە بۆنەی ئەو دەربەدەری و ژیانە ناخۆشەی کە هەیانە، لە ماتەم و لە ژێر سایەی زەبر و زەنگی رێژیمدا نەتوانن سەر هەڵدەن، بەڵام ئەو تێکۆشان و چالاکییەی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی بۆ منداڵان، نیشان دەدا کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبر و زەنگە، تێکۆشان، پێشکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکان هەروا بەردەوامە. گەیشتن بە ئاواتەکان هەروا بەردەوامە. ئێمە دڵنیاین کە ئێوە منداڵانی ئێستامان کاتێك گەورە دەبن، لانیکەم بەشێکی هەرە زۆر لەو زوڵم و ستەمە کە لە سەر ئێوە بووە و لە سەر نەتەوەکەمان بووە، نامێنن و دڵنیاین کە ئێوە رۆڵە خۆشەویستەکان، منداڵە چاوگەشەکان هەروا ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتە دەبن کە دایك و بابەکانی ئێوە جیلەکانی رابردوو بە دەستیانەوە بووە و تاکوو ئێستا هێناویانە و ئێوە بە ئاکامی خۆتان دەگەن، بەڵام دوژمنانمان ناکام دەبن. لەو فێستیڤاڵەدا ئاواتم ئەویە کە منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە تێکەڵاوی و نیشاندانی بەهرە و تواناکانیان لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ئەو فێستیڤاڵەدا باشتر لە کولتوور و زمانی یەکتر ئاگادار بن، لە ئێش و ئازارەکانی یەکتر باشتر ئاگادار بن، بزانن کە چوار پارچەی کوردستان هەر وەك لە دروشمی ئەو منداڵە خۆشەویستانەدا هەبوو ئەگەر دوژمنانی ئێمە سنووریان بۆ داناوە دابەشیان کردووە، ئەو سنوور و دابەشکردنانە بە پێچەوانەی ویست و داخوازیی ئێمە نەتەوەی کورد بووە. بۆیە ئێمە لە درێژایی سەدان ساڵی رابردوودا و لە داهاتوشدا تا کاتێ کە هەموو بە مافەکانی خۆمان دەگەین و ئاواتەکانمان بەدی دێنین، لە خەبات و تێکۆشان ناراوەستین و مل کەچ ناکەین بۆ بڕیاری دیکتاتۆرەکان کە دوژمنی گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ناوچەکەن.

من ئاواتم ئەویە کە ئەو فێستیڤاڵە سەرکەوتوو بێ و لە هەموو ئەو بەرنامانەی کە لەبەرچاو گیراون بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ بێ، و منداڵە خۆشەویستەکانمان لە ماوەی فێستیڤاڵەکەدا کاتی خۆش بەسەر بەرن، بە پێویستی دەزانم سپاسی خۆم پێشکەش بکەم بە ناوەندی نێرگز و هەموو ئەو خۆشەویستانە و ئەو بەرپرسە جیاجیانەی منداڵان لە کوردستاندا کە بەشداری ئەو فێستیڤاڵە بوون، یا لێرە حوزوریان نییە بەڵام لە ئامادەکردنی ئەو فێستیڤاڵەدا کاریگەریان داناوە. هیوادارم ئەم چەشنە فێستیڤاڵانە بتوانێ منداڵانی نەتەوەکەمان زۆرتر تێکەڵاو بکات بۆ ئەوی کە باشتر یەك بناسن، باشتر گەشە بکەن و بەرهەم و لێهاتوییەکانی خۆیان باشتر نیشان بدەن، بۆ ئەوەی پێشبرکێی پۆزەتیڤ لە ناو هەموو منداڵان گەشە بکات و سەر هەڵ بدا و منداڵانمان لەو ئیمکاناتە کەمە کە هەیە بتوانن کەڵك وەربگرن و توانای خۆیان نیشان بدەن. جاریکی دیکە بەخێرهاتننتان دەکەم بەتایبەتی ئەو منداڵە خۆشەویستانەی کە ئاگادارم لە رێگای زۆر دوورەوە هاتوون. هیوادارم چێژ وەرگرن لەو بەرنامەیە و سەرکەوتوو بن.

---

درێژەی لاپەڕە ٤

میکونوس سەبارەت بە رۆڵ و کاریگەریی حدکا لە جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

ئەوە کە خەڵك ئاوا لەسەر حیزبەکەمان بیر دەکەنەوە و چاوەڕوانیی تایبەتییان لێی هەیە، پێی سەربەرزین، بەڵام کاری ئێمە ئاسان ناکاتەوە. بە پێچەوانە، ئەرك و بەرپرسایەتییەکی قورستریشمان دەخاتە سەرشان.

بەتایبەتی ئەوڕۆ کە ئاڵووگۆڕەکان لە ناوچەدا بەخێراییەکی سەرسووڕهێنەر پیك دێن و لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەبات بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئارادایە، هێزە سیاسییەکانی کورد کەوتوونەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرینگی مێژووییەوە.

ئەوە رەسالەتی ئێمە ئەندامان، لایەنگران و خەمخۆرانی جووڵانەوەیە کە بەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی خۆمان کار بۆ ئەوە بکەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا شیاوی چاوەڕوانی و متمانەی خەڵك بمێنێتەوە و هەروا قەڵای لەگیراننەهاتووی خەبات و کوردایەتی بێ و لە رادەی نێونەتەوەییدا حیسابی بۆ بکرێ.

حیزبی دێموکرات دەبێ هەتا گەیشتن بە ئاواتە بەرزە نەتەوەییەکانمان دەوری مێژووی خۆی بگێڕێ و بە هاوکاریی و هاودەنگی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی ئێران لە ئامانج نزیك بکاتەوە.

ئاسۆی خەباتی رزگاریخوازیی کورد روونە، بە دابینکردن و پاراستنی یەکڕیزی و تێکۆشانی بێوچان دەتوانین سەرکەوتن دەسەبەر بکەین.

رێگا نەدەین تەمابڕاوی و نائومێدی وەك دوژمنی گەورەی ئازادی، ئەرکەکانمان لەبیر بەرێتەوە.

حیزبی دێموکرات زۆرجاران تووشی نەهامەت و نسکۆ و هەوراز و نشێو هاتووە، بەڵام هەمووجارێ بە ئەزموونتر قەیرانەکانی تێپەڕاندوە و بەدوای هەموو تەنگانەیەکدا، سەری بەرزی هەڵداوەتەوە و دڵی دوژمنانی کوردی وەلەرزین خستوە.

رەمزی خۆڕاگری، پەرەسەندن و گەشەسەندنی حیزبی دێموکرات لەوەدایە کە حیزبێکی زیندوو و دێموکراتە و توانا و زەرفییەتی خۆگونجاندنی لەگەڵ زەمان و بارودۆخی سیاسیی نوێ و چالشی نوێ هەیە.

هەربۆیەش توانیویەتی وەك قەڵای بەرخۆدان و بەرنگاربوونە لەگەڵ زوڵم و زۆرداری هەروا راست راوەستێ و قامەتی نەچەمێتەوە.

لە ٢١مین ساڵوەگەڕی کارەساتی میکۆنوسدا جارێکی دیکە وەفاداریی خۆمان بە رێبازی دێموکرات دووپات دەکەینەوە. لێبڕاوین هەتا وەدیهاتنی مافە ئینسانی و سیاسی و نەتەوەییەکانمان درێژەدەری رێگای رێبەرە نەمرەکانمان بین.

ژیان و خەباتی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی چرای رێگای تێکۆشانمانە.

بەرز و پیرۆز بێ بیرەوەری رێبەری لێهاتوومان د. سادقی شەرەفکەندی.

سڵاو لە گیانی پاکی هاوڕێیان کاك فەتاح عەبدولی، کاك هومایوون ئەردەڵان و کاك نووری دێهکوردی.

بژی ئازادی، بەردەوام بێ خەبات بۆ ئازادی.

---

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### رێککەوتنی سووری

رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز، وتارێکی لە ژێر ناوی "رێککەوتنی سووری" لەسەر رێککەوتننامەکەی ئەمریکا و رووسیە لەسەر پرسی چەکە شیمیاییەکانی لەو وڵاتەدا بڵاو کردووەتەوە کە لە لایەن دەستەی نووسەرانییەوە ئامادە کراوە. لە لیدی وتارەکەدا هاتووە: "رێککەوتنەکەی ئەمریکا - رووسیە بۆ سڕینەوەی پایگاکانی چەکە شیمیاییەکانی سووریە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزە و چانسێکی باشتر بۆ نەهێشتنی هەڕەشەکە دەخاتە ڕوو تا هێرشی بەرتەسکی سەربازی کە سەرکۆمار ئۆباما باسی دەکرد." لە پاراگرافی یەکەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە جێبەجێبوونی ئەم رێککەوتننامەیە بەستراوەتەوە بە هاوکاریی بەشار ئەسەد کە هێزەکانی بەرپرسیارن لە کوشتنی زۆربەی ئەو سەد هەزار کوژراوەی شەڕی نێوخۆی ئەم وڵاتە. بەپێی رێککەوتننامەکە سووریە پێویستە لە ماوەی حەوتوویەکدا لیستی پایگای چەکە شیمیاییەکان، خەزێنەکانی و شوێنی بەرهەمهێنان و لێکۆڵینەوە لەسەری بدا بەدەستەوە و پێویستە پشکێنەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان "دەستبەجێ و بە شێوەیەکی بێ سنوور" دەستیان بەو شوێنانە رابگا و تا نوامبر پشکنین بە تەواوی کۆتایی پێ بێ. هەروەها هەموو چەکە شیمیاییەکان و کەرەستە پێوەندیدارەکانیان دەبێ تا نێوەڕاستی ٢٠١٤ لەنێو بچن.

لە بەشێکی دیکەدا وێڕای ئاماژە بەوە کە ئۆباما وتوویەتی کە بەربژاری هێرشی سەربازیی وڵاتەکەی دژی سووریە هێشتا لەسەر مێزە، هاتووە: "سەرکۆماری رووسیە، ولادیمیر پووتین بەم حەرەکەتە دیپلۆماتیکە بێگومان پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قایمتر کرد. بەڵام ئێستا لەو بارەوە لە ژێر رەخنەدایە کە پێشتر هیچکات دڵنیا نەبوو کە ئەسەد لە چەکی شیمیایی کەڵك وەرناگرێ. پوتین هێڵێکی سووری بە دەوری گازە ژەهراوییەکان کێشاوە، بەڵام شتێکی خۆویستانە و بێ ئەخلاقانە دەبێ ئەگەر درێژە بە تەیارکردنی ئەسەد بە چەکە قورسەکان بدات کە زۆربەی قوربانییە مەدەنییە سوورییەکان بەو چەکانە کوژراون.

سەرکۆمار ئۆباما متمانەی بە تەرکیزکردنە سەر پشتیوانی لە قەدەغەبوونی نێونەتەوەی چەکە شیمیاییەکان و وەلانانی کردەوەی سەربازی لەم کاتەدا بە قازانجی چارەسەریی دیپلۆماتیك بەخشیوە. قەیرانی سووریە دەبێ بۆ سەرکۆماری نوێی ئێران، حەسەن رووحانی نیشانی بدات کە بەڕێز ئۆباما کە باسی ئەگەری کردەوەی سەربازی دژی بەرنامەی ناوکیی ئێرانی کردووە، لەسەر چارەسەری دیپلۆماتیك جیددییە. ئەوەی کە ئۆباما ئاشکرای کرد کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ رووحانیدا پەیامیان ئاڵوگۆڕ کردووە، هیوابەخش بووە".

لە کۆتایی وتارەکەدا بەم شێوەیە دەرەنجامگیری کراوە: "زۆر شتی نارۆون لەپێشە، لەوانە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە چی دەکات. ئێستا کە رووسیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە رێککەوتنێك گەیشتوون، هۆیەك بۆ هیواداربوون بەوە هەیە کە هاریکاری یارمەتیدەریی بەرەوپێشچوونی ئاشتییەکی گشتگیر بۆ سووریە بێت."

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# خەرمانانی خوێن

"سەلام ئیسماعیل پوور"



ئێوە کێ بوون کەوتنە گۆماوی خوێن
لەگەڵیا چوون شەپۆلی بێسەر و شوێن

ئەوانەن وا لەگەڵ ئەستێرە ئەدوێن؟
لە ڕووناکیی شەوانی ئێرە ئەدوێن؟

لە دووڕگەی نێو شەپۆلی بێقەراری
کەناری ئۆقرەیی بۆ کوردەواری

ئێوە کێن ئەی مەلانی دڵ بریندار
کە مل نادەن بە کۆت و پێوەن و دار

تیشکی ئەو خۆرەن لەسەر داخوازی حەق
بەربەیانان سوور ئەکا ڕەنگی شەبەق

ئێوە بەفرن، برووسکەن، بوومەلەرزەن
چرۆی نێو قەڵشە بەردن، ئاوی تەرزەن

بڵێی چی بێ لە تۆڕی دەنگ و باسا
کە شەرمی دێ لە رووتان شەرع و یاسا

بڵێی بەرلینی هزر و زانیاری
چ غەدرێکی بەسەرتان دائەباری

کەوا خۆی کردە سووکی گەورە شاران
زمەی قینی لەسەرتان کردە باران

ئێوە کێن ئەی ڕێبوارانی شەکەت
بەورەکانی دڵ پڕی دەرد و خەفەت

ئەو تریفەن مانگ بە ڕووباری ئەدا
زەردەپەڕ ئاوێ لە ڕوخساری ئەدا

ئەو دڵۆپەن تێکەڵی دەریا ئەبن
یان لەسەر لێوی گوڵی سەحرا ئەبن

قرمەیەک بوون بۆ چەکی جەنگاوەران
خورپەیەک بوون بۆ دڵی داگیرکەران

ئێوە کێ بوون؟ بوونە پێشەنگی زەمان
دەستەمۆتان کرد هەوای مەرگ و نەمان

بوونە چیرۆکی شەوی منداڵەکان
بوونە سۆزی نێو گەرووی شمشاڵەکان

ئێوە کێ بوون؟ وەک چیا سەربەرزەکان
ئاسمانیش شەقڵ ئەکەن گشت وەرزەکان

ئێوە شینایی دڵی وێرانە بوون
ئێوە دەنگی نەعرەتەی شێرانە بوون

لە دەنگتان هەر خوڕەی ئاوی شەتاوان
لە چاوتان هەر گزینگی خۆرەتاوان

لە ڕووتانا جریوەی قەڵبەزەی نوور
توانج ئەگرێتە نەغمەی عوود و سەنتوور


شەهید! ئەی هاونشینی شاخ و بژوێن
هەڤاڵی گوند و شار و دەشت و گەرمێن

دەکەم بیرت، بە یادی زامەکەی تۆ
بە ڕستەی پڕ خرۆشی خامەکەی تۆ

لە خەرمانانی خوێن و با وەفا بوون
هەرا نادەم هەتا نەورۆزی رابوون

# چەند کورتەچیرۆکی جەبران خەلیل جەبران

و: ناهید حسەینی



### خاکی سوور

دارێك بە پیاوێکی گوت: " خاشەکانی من بە قووڵی ڕۆچوونەتە خاکی سوورەوە و من میوەت دەدەمێ."

پیاوەکەش بە دارەکەی گوت:" ئێمە چەند لەیەکتر دەچین. خاشەکانی منیش بە قووڵی ڕۆچوونەتە خاکی سوورەوە. خاکی سوور ئەو هێزە بە تۆ دەبەخشێت کە میوەکەت بە من ببەخشی و خاکی سوور، منیش فێردەکات کە بە ئەمەکدارییەوە، پێشکەشییەکەت وەربگرم."

### شێت

لە باخی شێتخانەیەکدا، لاوێکی ڕەنگ هەڵبزرکاو و سەرنجراکێش و سەرسووڕهێنەرم بینی. لە سەر کورسییەك لە تەنشتییەوە دانیشتم و گوتم:"بۆ لێرەی؟"

پیاوەکە بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردم و گوتی:" پرسیارێکی سەیرە، بەڵام وەڵامت دەدەمەوە. باوکم دەیویست وەکوو ئەو بم، مامیشم دەیویست من وەکوو خۆی بم. دایکم دەیویست من وێناکەرەوەی مێردە دەریاوانەکەی بم و شوێن پێی ئەو هەڵبگرمەوە. براکەم پێی وابوو دەبێ وەکوو ئەو وەرزشوانێکی کارامە بم.

"مامۆستای فەلسەفە و مامۆستای مۆسیقا و مامۆستای لۆژیکەکەشم دەیانویست وەکوو ئەوان بم، پێداگر بوون کە من ڕەنگدانەوەی ڕواڵەتی ئەوان بم لە ئاوێنەدا.

"هەربۆیەش هاتمە ئێرە. ئێرە بەلامەوە تەندروستترە. لانیکەم دەتوانم خۆم بم."

پاشان لەپڕ ئاوڕێکی بۆلای من دایەوە و گوتی:"بێسە با بزانم، تۆش بەهۆی خوێندن و ڕاوێژکاریی باشەوە ڕێت کەوتۆتە ئێرە؟"

وەڵامم دایەوە:"نە، من هاتووم سەردانێکی ئێرە بکەم."

پاشان گوتی:"ئەها، وادیارە تۆش یەکێکی لەوانەی کە لە شێتخانەکەی ئەوبەری ئەم دیوارەوە دەژین."

### عەشق و نەفرەت

ژنێك بە پیاوێکی گوت:"خۆشم دەوێیت."

پیاوەکەش گوتی:"ئاواتەخوازم کە شایستەی عەشقەکەی تۆ بم."

ژنەکە گوتی:"منت خۆش ناوێ؟"

پیاوەکە تەنیا چاوی بڕییە ژنەکە و هیچی نەگوت.

ژنە هاواری کرد:" بێزارم لێت."

پیاو وەڵامی دایەوە:"کە واتە ئاواتەخوازم شایستەی بێزارییەکەت بم."

# بڵاوکراوەی نوێ

کتێبی مێژووی بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد، لە نووسینی دوکتور سادقی شەرەفکەندی چاپی دووهەم کرایەوە. چاپی یەکەمی ئەو کتێبە پڕبایەخە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی. تایپ و ئامادەکردنی ئەو کتێبە بۆ چاپی دووهەم، لە لایەن یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوە چووە. ناوەرۆکی ئەو کتێبە لە ١٦٨ لاپەڕەدا باس لە ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەتا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیی دەکات. وێڕای دەستخۆشیمان لە یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیوای بەردەوامییان بۆ دەخوازین.



# سینەمای کوردی یان سینەمای کوردستان؟

کەیوان قانیعی

"ئەو ئارەزوانەی کە لە راستیی ژیاندا پێیان ناگەین لە سەر شاشەی سینەما دەیانبینین و رازی دەبین".( ئارنۆڵد هاوزێر)

دەمێکە باسی فیلمی کوردی، سینەمای کوردی و سینەمای کوردستان لە بەینی شەیدایان و خاوەن رایانی ئەم هونەرەدا کەوتووەتە بەر باس. بەڵام ئێمە دەبێ بوێرانە و بە بێ ئەوەی کڵاو لە سەر خۆمان بنێین، پرسیار لە خۆمان بکەین کە ئایا لە بارودۆخ و قۆناخی ئێستادا سینەمایەك بە ناوی "سینەمای کوردستان"بوونی هەیە؟ یا خۆ ئەم بۆچوونە خاوەنی پێشینە و پشتیوانییەکی بنەڕەتی و تیۆریکە؟ یان تەنیا دەستەواژەیەکە بۆ شوناس بەخشین بە بەرهمگەلێك کە بە فیلمی کوردی ناسراون؟ راستییەکەی ئەوەیە کە هێشتا لە سەر ئەم بابەتە ناکۆکیی و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە. ئێستا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە، سینەمایەك کە خاوەنی شوناسێکی دیاریکراوی جوگرافیایی بێ چییە؟ چۆن شکڵ دەگرێ و هۆکار و پێکهاتەکانی پێکهاتنی کامانەن؟

جیهانی بوون و لە جیهاندا شۆرەت پەیداکردنی ئەو بەرهەمانە دەتوانێ چ کاریگەرییەك لە سەر ئەم دیاردە دابنێ؟ کاتێك پێشگری سینەما بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە دەلکێنین، دەبێ ئەو سینەما لە هەموو روویەکەوە هەڵگری شوناسی ئەو جوگرافیایە بێ. بە واتایەکی دیکە ئەو دەمارە هونەری و کلتووریانەی کە ناسنامەی شوناسێك رادەگرن دەبێ بە شێوەیەك لە بەرهەمەکەدا رەنگ بدەنەوە کە ببنە ئاوێنەیەك بۆ ناسین و ناسینەوەی ئەو شوێن و شوناسە. بە کورتی سینەما ئەنیستیتۆیە و دەبێ دابمەزرێ، وەکوو باقی ئەنیستیتۆکانی دیکە، کە وڵات بێ ئەوانە هەڵبڕژاو دەبێ. ئایا کورد ئەنیستیتۆی هەیە؟ نا. کەوابوو ناتوانین بڵێین خاوەنی سینەمایە، بەڵکوو ئەوەی هەیە فیلمی کوردییە. ئەگەر فیلمی کوردیش تەنیا بەوە بناسرێتەوە کە وتار و گوتەکانی بە کوردییە ئەوە مێژووەکەی لە ساڵی ٨٠کانی زایینەوە دەستی پێکردووە. هەڵبەت لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی ئیلماز گونەی، ستۆدیۆی "گونەی فیلمی" خستە رێ و فیلمەکانی "گورگە برسیەکان"، "هیوا" و "هەڵاتوو" لەوێ چێکراون بەڵام تەنانەت بە بێ گوتەی کوردیش. کە باسی فیلمی کوردی بکەین دەتوانین ئاماژە بە فیلمی "ران"، "یۆڵ"، "دیوار"ی ئیلماز گونەی، "نان و ئازادی" و "گەلە گورگی" تەیفوور بەتحایی، مهێدی ئومێد و فیلمی"تونێل"، "جانۆ رۆژ بەیانی و فیلمی "ژیان"ی بەهەمەن قوبادی و "ساتێ بۆ مەستی ئەسپەکان" بکەین. بەشێك لە فیلمەکانی ئیلماز گونەی، نە زمانەکەیان کوردییە و نە هەموو چیرۆکەکەشیان سەبارەت بە کورد و کوردستانە. هەڵبەت ئەمە لە نرخی کارەکان و ئەو فەلسەفەی "زیندانە" کە لە فیلمەکانی گونەییدا بە شێوەی ترێلۆژی بەرهەمی هێنان کەم ناکاتەوە.

فیلمی نان و ئازادی کە ساڵی ١٩٨٠ دەست بە چێکردنی دەکرێ و ساڵی ١٩٨٤ی زایینی تەواو دەبێ، یەکەمین فیلمی کوردییە کە لە هەموو روویەکەوە لە بارودۆخێکدا ئەم بەرهەمە ساز دەکرێ کە هەموو شتێك بۆنی خوێن و مەرگ و وێرانی دەدات. دەرهێنەرەکەی دەڵێ: سیناریۆی فیلمی نان و ئازادی سێ رستە بوو."ئەو خەڵکە چۆن دەژین؟ چۆن کار دەکەن؟ چۆن بەرگری دەکەن؟" فیلمی نان و ئازادی بۆیە فیلمێکی بە تەواوی کوردییە، چوونکە کورد کردوەیتی و زمانەکەی کوردییە، چیرۆك و بابەتەکە کوردییە و بەر لەوەی بۆ هەر کەسێکی دیکە نیشان بدرێ، بۆ کورد نیشان دراوە. هەموو هەوڵی ئەم سینەماوانانەش لە لایەك بۆ ناساندنی میللەتەکەیان و لە لایەکی دیکەوە بۆ ناساندنی ئەو هەلومەرجە نالەبارە بووە کە کورد بە هۆی دیکتاتۆرییەکانی دەسەڵاتەوە تێدا ژیاوە و دەژی. ژمارەی ئەو فیلمانە هەتا کۆتایی نەوەدەکانی زایینی ناگاتە پەنجەکانی دەست. زۆربەی ئەو فیلمانەش لە ئورووپا ساز کراون و مەبەست نیشاندانیان بە خەڵکی ئەوەێ بووە، چوونکە ئیمکانی ناردنەوەیان بۆ کوردستان دژوار بووە. خاڵی هاوبەشی ئەو فیلمانەش تەنیا زمانی کوردی بووە، (ئەویش بە زاراوەی جۆر بە جۆر). لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی بەم لاوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەی بۆ سینەما تەرخان کرد و فیلمی کوردی دەورێکی تازەی وەرگرت، بەڵام بە بێ بەرنامە و دانانی فێرگەی سینەمایی و دامەزراندنی ناوەندێکی ئاکادمیك بۆ دەست نیشانکردنی تایبەتمەندییە کلتووری و هونەری و بوارەکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری. ئەوەی کە تاکوو ئێستا کراوە نیشانەی خواستە بۆ سینەمای کوردستان، ئەو پرسیارانەی کە لەم سەرنجە کورتەدا هاتوون سینەمای کوردستان یان لە دایك نەبووە یا خۆ ئەگەر لە دایکیش بوو بێ هێشتا لە منداڵێکی ساوا زیاتر نییە. منداڵێك کە خەریکی گاوێڵکە کردنە و بۆ گەورەبوون و باڵاکردنی خۆی، رێگەیەکی درێژی لە بەرە.

# فیلمی دیکۆمێنتاری

فیلمی دێکۆمێنتار لقێکی بەربڵاوە لە پیشەسازیی سینەما و مەبەست لە بەرهەمهێنانی نیشاندانی لایەنە راستییەکانی ژیانە. لە سەرەتادا فیلمی دێکۆمێنتاری، فیلمێکی سینەمایی بوو کە لەسەر فیلمە "نێگاتیو"ەکان، کە تەنیا کەرەستەی ئەو کاتە بوو، تۆمار و بڵاو دەکرایەوە. بەڵام ئەمرۆ بریتیە لە ڤیدیۆ و بەرهەمە دیجیتاڵییەکان کە دەکرێ تایبەت بە بڵاوکراوەی ڤیدیۆیی و وەك بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی و یان بۆ نیشاندان لە سینەما درووستی بکەن. دەکرێ فیلمی دێکۆمێنتاری وەك "تکنیکێکی فیلمسازی، سوننەتێکی سینەمایی و شێوازێکی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بینەر" کە هەمیشە خەریکی گۆڕانە و هیچ سنوورێك ناناسێت پێناسە بکەین.

هەواڵ

## کۆنسێرتی تەمبوورژەنەکانی "لاووچ" لە تاران

گرووپی تەمبوورژەنەکانی "لاووچ" لە فەرهەنگسەرای نیاوەران لە تاران کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی و فارسی پێشکەش دەکەن.

بەپێی هەواڵی کوردپرێس: حەیدەر کاکی سەرپەرشت و ئاهەنگ دانەری گرووپی مۆسیقای تەمبوورژەنەکانی "لاووچ" لە دیمانەیەك لەگەڵ هونەرئانلاین، هەواڵی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی ئەو گرووپەی راگەیاند و وتی: "ئەو کۆنسێرتە رۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ی خەرمانان لە فەرهەنگ سەرای نیاوەران لە شاری تاران پێشکەش دەکرێ".

کاکی ئاماژەی بەوەشدا کە کۆنسێرتی گرووپی "لاووچ" لە دوو بەشی کوردی و فارسی پێشکەش دەکرێ.

سترانە کوردییەکانی کۆنسێرتەکەی بە "کە گەردوون"، "ئاوازی غەریبی"، "ئاخ لەیل"، "کلە پیر" و "شمشادی نێرگس" و هەندێ لە سترانەکانی مامۆستا عەلی ئەکبەر موورادی ناوبرد.

## چریکەی شوالیەی ئاوازی ئێران لە سنە

شارام نازری لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی پشتگیری لە نەخوشەکانی شێرپەنجە بۆ ماوەی ٢ رۆژ لە یاریگای وەرزشی ئازادی شاری سنە کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی و فارسی پێشکەش کرد.

نازری لە شەوی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکە وێڕای دەربڕینی هەست و خۆشی خۆی بە بۆنەی گەڕانەوەی بۆ کوردستان هیوای خواست توانیبێتی بە پێشکەش کردنی ئەو کۆنسێرتە هەنگاوێکی بۆ یارمەتیدان بە نەخۆشەکانی شێرپەنجە لە کوردستان هەڵگرتبێت.

شارام ساڵی ١٣٢٨ لە بنامەڵەیەکی کوردی ئەدەب دۆست و فەرهەنگ دۆست لە شاری کرماشان لە دایکبوو.

ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی چووەتە کۆلێژی مۆسیقای زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران.

لە تەمەنی هونەریی خۆیدا لەگەڵ کەسانی وەك "محەممەدڕەزا لوتفی، محەممەدڕەزا شەجەریان، حسێن عەلیزادە، پەرویز مشکاتیان، جەلال زولفنوون، بێهزاد فرووهەری، جەلیل عەندەلیبی و کامکارەکان" چالاکی هونەریی بووە.

ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دەوڵەتی فەڕانسە میدالیای شانازیی ئەدەب و هونەری بەخشی بە شارام نازری و نازناوی "شوالیەی ئاوازی ئێران"ی لێنا.

# ڕۆژی نەتەوەیی سینەما لە ئێراندا

و: سمایل ڕەحمانی

سینەما لە دەسپێکدا یەکەم هەنگاوەکانی بە وێنەگری و دواتر بە دروست کردنی "وێنەگریی بزوێن" لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ تا ١٨٨٩ ی زایینی لە ئوروپا دەست پێکرد. دوای ئەوە برایانی "لومییەر" لە ساڵی ١٨٨٥ی زایینی یەکەم فیلمی دێکۆمێنتاری خۆیان خستە بەر دیدی خەڵکی، ئەم شێوەیە بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی یەکەم فیلمی داستانی بە ناوی "دزیی گەورە" لە تاقیگەی ئەدیسۆن ساز کرا.

مێژووی سینەما لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی، کاتێك میرزا برایم خان کە ئەو کات مێرمنداڵ بوو و دواتر بە "عەکاسباشی" ناوبانگی دەرکرد لە گەڵ بابی سەردانی بلژیك دەکات و لەگەڵ کەرەسەکانی فیلم هەڵگرتن کە ئەو کات پێیان دەگوت"اسباب سینما توگراف" ئاشنا دەبێ و لەگەڵ خۆی ئەو کەرەستانە دێنێتەوە بۆ ئێران.

دوای ئەوەیکە کەرەستە و ئامرازی بەرهەمهێنان بە تایبەت کامێرای فیلمهەڵگرتن دێتە ئێران، کەسێك بە ناوی "ئاوانس ئوگانیانس" لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی، یەکەم بنەماکانی سینەمای ئێران بونیاد دەنێن و بە دروست کردنی گروپێك دەست دەکەن بە بەرهەمهێنانی فیلم. یەکەم فیلمی سینەمایی داستانی ئێرانی بە ناوی "ابی و رابی" کە فیلمێکی بێدەنگ بوو لە ساڵی ١٣٠٩ بەرهەم هات بەڵام ئەو فیلمە نەکەوتە بەر دیدی خەڵك و نمایش نەکرا.

یەکەم فیلمی سینەمایی دەنگ دار لە ساڵی ١٣١٢ دروست کرا کە ناوی "دختر لر" واتە "کچی لۆر" بوو کە لە لایەن "ئەردشیر ئێران"ییەوە لە وڵاتی هێندوستان بەرهەم هێنرا.

لە دوای دروست کردنی ئەم فیلمە، فیلمە بیانیەکان هاتنە ئێران و تا رادەیەك گەشەی سینەمای ئێرانیان خستە ژێر مەترسیەوە و گرفتێکی زۆری لەم بارەوە بۆ بەرهەمهێنەرانی فیلمی فارسی دروست کرد. لە دەیەی ٢٠ بەملاوە سینەمای ئێران هەڵکشانی زۆری بە خۆوە نەبینی چونکە ئەو فیلمانەی کە بە زمانی فارسی دروست دەکران بە جۆرێك کۆپی فیلمە هێندییەکان یان ئوروپایی و ئامریکاییەکان بوو.

سینەمای ئێران بەو ئازادییانەی کە تا کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی هەیبوو توانیبوی بینەری تایبەتی خۆی هەبێ.

بەڵام لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئاخووندی سینەمای ئێران چووە قۆناغێکی دیکەوە و لە شکل و شێوازی تایبەت بە کۆماری ئیسلامیدا دەستی کرد بە دروست کردنی فیلم و ئیتر ئەو ئازادییانەی کە لە فیلمە بیانیەکاندا هەبوو لە فیلمەکانی ئێرانیدا نەدەبینرا. کۆماری ئیسلامی بە دانانی سانسۆر لە سەر ئەو فیلمانەی کە لە نێوخۆی ئێرانیش بەرهەم دەهێنرا و رەنگ و بۆی رەخنە یان بە جۆرێك نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای نیشان دەدا بە جۆرێك پێشی بە دروست کردنی فیلم دەگرت یان ئەوەی کە ئیزنی دروست کردنی ئەو فیلمانەی بە بەرهەمهێنەران نەدەدا . تەنانەت ئەگەر فیلمێکیش دروست کرابا و وەزارەتی ئیرشاد رەزامەندیی لە سەر نەبووبا ئیزنی پیشان دان و بڵاوبوونەوەی وەرنەدەگرت و بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمەش دەکەوتنە بەر لێپرسینەوە و لە داداگاکانی کۆماری ئیسلامیدا داداگایی دەکران. یانی بە جۆرێك لە ئێران فەزای ئازاد بۆ دروست کردنی فیلم لە دەرەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا نییە.



بێ دوان...

# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هۆکارەکانی دواکەوتنی

## لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دیمانە: هیوا میرزایی



**کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە بڕیار بوو لە مانگی سێپتامبری ٢٠١٣دا لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت، بە چەندین هۆکاری جیاواز دوا کەوت. لەم پێوەندییەدا و بۆ تاوتوێکردنی لایەنەکانی کۆنگرە و هۆکارەکانی دوا کەوتنی کۆنگرە، وتووێژێکمان پێکهێناوە لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی کومیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.**

**پ: گرینگیی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا چییە؟**

**و:** گرینگیی لێك نزیکبوونەوە و هاوسۆزیی و پشتیوانیکردنی هەر پارچەیەکی کوردستان لە خەبات و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها یەکگرتوویی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەر لە زووەوە پێویستییەکی خەباتی ئازادیخوازانە و نەتەوایەتیی کورد بووە کە بەداخەوە کەمتر هاتۆتە دی و بە شێوەی شیاوی خەباتی گشتیی کورد، گرینگی پێ نەدراوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر هەرکام لە پارچەکانی کوردستان سەرەڕای هەموو گیروگرفت و ناکۆکییەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد، لە ناوچە هەمیشە یەکگرتوو بوون و پیلانی هاوبەشیان لە دژی کورد داڕشتووە و لە سەرکوتی کورددا هاوکاریی یەکتریان کردووە.

ئەگەر پێویستیی یەکگرتوویی و هاوکاری و هاوسۆزیی کورد لە هەر پارچەیەك بۆ پارچەکانی دیکە هەمیشە لە گۆڕێدا بووە و کەم تا کورتیش ڕەنگە لە هێندێ بڕگەی زەمانیدا خۆی نیشان دابێ بەڵام هەرگیز بە گوێرەی پێویست و شوێندانەر لە گۆڕێدا نەبووە، بەڵام ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی زەقبوونەوەی دۆزی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەم هەلومەرج و ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەدا ڕوویان داوە یا لە حاڵی ڕووداندان ئەوە دەخوازێ کە کورد بە شێوەیەکی شیاو ئاوڕ لەو مەسەلە گرینگە بداتەوە و ئەو مەسەلەیە بە مەرجی سەرکەوتنی کورد و گەشەکردنی خەباتەکەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بزانێ.

بۆیە هێنانەگۆڕی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ڕاستیدا ئاواتێکی لەمێژینەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە و دەبێ بە گرینگییەوە سەیری بکەین.

**پ: دەکرێ باسێکی کومیتە و کومیسیۆنەکانی لێژنەی ئامادەکاریمان بۆ بکەیت و بە بڕوای بەڕێزتان دەسکەوتەکانی ئەم کومیتە و کومیسیۆنانە تا ئێستا چ بووە؟**

**و:** پاش کوبۆونەوە بەرینەکەی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی پووشپەڕ کە بە دەسپێشخەریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا و لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری پێکهاتنی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهاتوو لە ٢١کەس و لە هەموو پارچەکانی کوردستان کرا. ئەو کومیتەیە دەستبەکار بوو و تا ئێستا ٨کومیسیۆنی بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردی و خەباتی کوردەوە پێکهێنا کە ئەو کومیسیۆنانە بێجگە لەوەی کە هەر کام یەك یا دوو یا چەند ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی تێدا بەشدار بوون لە کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆری هەر کام لە مەسەلەکان و بابەتەکانی هەر کومیسیۆنێك کەڵك وەرگیراوە و لە هەر کومیسیۆنێکدا چەند گەڵاڵە و ڕاپۆڕت ئامادەکرا کە پاش باس و ڕاوێژ لە سەر هەر گەڵاڵەیەك بۆ هەر کومیسیۆنێك گەڵاڵەیەکی یەکە و ڕاپۆرتێکی جێگای پەسندی ئەندامانی کومیسیۆنەکانی لێکەوتەوە. ڕاپۆرتەکان درانەوە بە کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە و پاش باس و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی هەر کومیسیۆنێك بە هێندێ تێبینی و دەسکارییەوە پەسند کران.

دیارە کاری دوو لەو کومیسیۆنانە ماوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەوانیش دەچنە ڕیزی ڕاپۆرتە پەسندکراوەکان. بێجگە لە کاری کومیسیۆنەکان کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دروشمەکانی کۆنگرە و ژمارەی میوانانی خاریجی کە ٣٠٠ کەس دەبن هەروەها ژمارەی بەشدارانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان کە ٦٠٠کەس دەبن دیاری کردووە بەڵام لەو پێوەندیەشدا ئێستا ڕێژەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان لەو ٦٠٠کەسە دیاری نەکراوە.

بە بڕوای من وەك یەکێك لە ئەندامانی ٢١ کەسیی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە کە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژی ڕابردوودا لە نزیکەوە ئاگاداری کومیسیۆنەکان و تەنانەت ئەندامانی کومیسیۆنی سیاسی و دێپلۆماسی بووم، شاهێدی کار و هەموو زەحمەتی زۆری ئەندامانی کومیسیۆنەکان بووم و ئاکامی زەحمەتەکانیان باش دەنرخێنم و ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکان بە کاری سەرکوتووانەی ئەندامانی کومیسیۆنەکان دەزانم بەتایبەت کە بەئاکام گەیشتنی کاری کومیسیۆنەکان و تەنانەت کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەی کورد بێ گیروگرفت نەبووە و ئەوەش ئاسایی بوو، چونکە ڕوانینی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە چوار پارچەی کوردستان و هەلومەرجی خەباتیان لە هەر پارچەیەك بە تەواوی وەك یەك نییە و ئەوەش کە بۆ یەکەمجارە نوێنەرانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی کورد کە پەیامی هاوبەشی هەبێ و هەموو لایەنەکانی خەباتی هەر پارچەیەك لەبەر چاو بگرێ دەتوانێ ئەو ئاساییی بوونە پاساو بدا.

**پ: هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی چین؟**

**و:** دواخستنی کاتیی بەستنی کۆنگرە لە لایەن کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە.

یەکەم ئەوەیکە کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا هەر چەند بەشێکی گرینگی کارەکانی خۆی بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە ڕاپەڕاند بەڵام بەشێکی ئەساسی و پڕباستر و پڕ بیروبۆچوونتری مابوون کە ئەوەش لە ماوە١٠ـ١٢ ڕۆژدا کە بۆ کاتی دیاری کراوی کۆنگرە مابوو بە کردەوە مومکین نەبوو.

جیا لەو مومکین نەبوونە، کاتەکەش موناسب نەبوو، چونکە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستی بە کەشوهەوایەکی سالمی پێوەندی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان یا لانیکەم عادی هەیە کە ڕاست لەم کاتەدا هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمانی هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە کە کێبەرکێی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو هەلومەرجە ئەگەر بۆ فەزای هەڵبژاردن ئاسایی و یاساییە بەمشێوە بۆ بەستنی کۆنگرە فەزایەکی موناسب نییە.

# هیوا بە دێموکراسی لە گەرمەی شەڕی مەزهەبیدا

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی دێموکراسییەوە

ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ژمارەی وڵاتانی دێموکراتیك لەسەر خەریتەی جیهانی زیادبوونی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، جا ئەوەی کە تا چەند پێوەرە دێموکراتیکەکان لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دێموکراتیکیان دەناسێ، ڕەچاو دەکرێن و دێموکراسی تێیاندا سەقامگیر بووە، پرسێکی دیکەیە. ئاماری بەدێموکراتیکبوونی حکوومەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی سەرانسەری جیهان بەرچاو نەبووە و بەگشتی ئاسۆی بەدێموکراتیکبوونی ئەم ناوچەیە تەم ومژاوی و ناڕوونە. ئەم تەم ومژاوی بوون و ناڕوونییە بەشێکی هەرەبەرچاوی بە هۆی هەڵایسانی شەڕی مەزهەبی لە ناوچەکەدا و دواتریش بە هۆی مەترسیی بەهێزبوونی حکوومەتە مەزهەبییەکان بە پاڵپشتی بەشێك لە زلهێزەکانی جیهان وەکوو لێکەوتەی ئەو شەڕەیە. کە بلۆکی سوسیالیستی داڕما و بانگەشە بۆ دێموکراسیی لیبرالیستی پێ بە پێی جێخستنی هەرچی زیاتری بازاڕی ئازادی جیهانی بوو بە پارادایم، بەشێك لە بانگەشەکەرانی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەهۆڵی هیوایان کوتا. ئەوان ئاسۆی داهاتووی دێموکراسی لە ناوچەکەیان لەو چوارچێوەدا پێناسە کرد کە دەکرێ لە ژێر تەوژمی جیهانیی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و پێویستیی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەو پێناوەدا، چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەشتر بە قازانجی حکومەتی خەڵکی و بە زیانی حکوومەت و ئایدیۆلۆژییە سەرەڕۆ و دوگمەکان لە ناوچەکەدا بین. ساڵی ١٩٩٥ لە بارسلۆن کۆنفرانسێکی بەرین بۆ باس لەسەر پرسەکانی مافی مرۆڤ، دێموکراسی، مۆدێرنیتە و هتد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا پێکهات. ئەم کۆبوونەوەیە کە بە بەشداریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەڕێوەچوو، زیاتر پێداچوونەوەیەك بوو بە بارودۆخی ناوچەکە لەو بوارانەدا و ڕێکارێکی کردەکیی پێشنیارکراوی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. بەڵام بە ڕوودانی کارەساتی ١١ی سێپتامبر و هێرشی هاوپەیمانان بۆ ئەفغانستان و بەرۆژەڤبوونی هەرچی زیاتری پرسی ئیسلامگەرا توندڕەوەکانی ناوچەکە، لە ماوەی دوو ساڵدا ئەمریکا دوو گەڵاڵەی هاوچەشنی هێنایە بەرباس و بە ڕواڵەتیش بووبێ، کردی بە ئەجێندای سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا. گەڵاڵەی یەکەم، گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە و ئەوی دیکەیان گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرین بوو. جیاوازیی ئەو دوو گەڵاڵەیە دەرخەری زۆر ڕاستی بوو، چوونکە یەکەمیان لە پێناو گەیشتن بەو دێموکراسییەی بانگەشەی بۆ دەکرا، هەندێ کردەوەی ڕادیکاڵتری پێشنیار دەکرد و دووهەمیان میانەڕۆیانەتر و پارێزەرانەتر بوو. دوابەدوای خستنەبەرباسی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە لە لایەن ئەمریکاوە، هێڵی جەمسەربەندییە جیهانییەکان بە لایەنگری و بە دژی ئەو گەڵاڵەیە زیاتر ڕوون بوو. ئەمریکا بۆ خۆی ئیسلامی توندڕەوی بە لەمپەرێکی مەزن لە بەرامبەر دزەکردنی سیاسەت و سەرمایەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینی و لەو کاتەدا بەشێکی بەرچاو لە تیۆریسیەنەکانی کۆشکی سپی دەیانگوت بەرژوەندیی ئەمریکا لەوەدایە کە بە شێوەی بنەڕەتی و بنەمایی کە ئەویش خەبات دژی توندوتیژی لە ڕێگەی سیستم و بەها دێموکراتیکەکان بوو، ئەو لەمپەرە لەسەر ڕێگەی لابەرێ. هاوکات زۆربەی وڵاتانی سەرەکیی یەکیەتیی ئورووپا ڕێگەیەکی میانەڕۆیانەیان گرتەبەر و وڵاتانێك وەك چین و ڕووسیەش بە ئاشکرا بە دژی ئەو ڕەوتە ڕاوەستان و یارمەتیی دژبەرانی پرۆسەکەیان کرد. داڕمانی ئابووریی جیهانی خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە درێژەپێدانی ئەو ڕەوتە و ئەمجارە ئەمریکایش ڕێگەیەکی هاوچەشنی یەکیەتیی ئورووپای ڕەچاو کرد.

لە کاتێکدا وێدەچوو زۆر هۆکاری سەرەکی، لەوانە شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق و داڕمانی ئابووری و تەیاربوونی حکوومەتە سەرەڕۆکانی ناوچەکە بە تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ لەگەڕخستنی دەرفەتە پێوەندیکارییەکانی دژبەرە دێموکراسیخوازەکانیان، بە جۆرێك ئیدی ئەو وێنایەی بە هەموو لایەك دەبەخشی کە هیوا بە داهاتوویەکی دێموکراتیك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا لێواری نەمان کز و بچووك بووە. گۆڕانکارییەکی مەزن لە بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵگاکاندا خۆی نواند کە ڕاپەڕینە یەك لەدوای یەکەکانی ناوچەکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا شوێنکەوتووی بوو. هیوا بە داهاتووی دێموکراتیك، ئەمجارە ڕوونتر و متمانەپێکراوتر بووژایەوە، ڕوونتر لەو بارەوە کە گۆڕانکارییەکان لە ڕیشەی کۆمەڵگاکاندا سەریان هەڵدەدا و متمانەپێکراوتر لەو بارەوە کە ئەمجارە گۆڕانکاریی نێوخۆیی پاشکۆی ئیرادەی دەرەکی نەبوو، بەڵکوو ئەوە ئیرادەی دەرەکی بوو کە بوو بە پاشکۆی ئیرادەی نێوخۆی. لە گەرمەی ڕاپەڕینەکاندا، لە لایەکەوە حکوومەتە سەرەڕۆکان و لایەنگرە زلهێزەکانیان هۆشداریان دەدا کە ڕەنگە ناوچەکە تووشی شەڕێکی مەزهەبیی بەربڵاو بێ و بەشێك لە کارناسانی ڕۆژئاوایی و لایەنگرانی دێموکراسیش وێڕای خستنەبەرباسی مەترسیی گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن ئیسلامگەرا توندڕەوەکان و ئەوانەی دژبەری دێموکراسین لە وڵاتە ڕاپەڕیوەکاندا، پێشنیاری گرتنەبەری ڕێڕەوێکی میانەڕۆیانەتریان بە ڕۆژئاوا و دێموکراسیخوازان دەکرد. هەر چۆنێك شەپۆلەکانی گۆڕانکاری لەوە بەهێزتر بوون کە پێشی پێ بگیرێ و هەنووکە ناوچەکە لە ئاگری شەڕی مەزهەبیدا دەسووتێ. سووتانێك کە هەندێ لایەن، چ ئەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەی کە لەمپەری سەرەکیی بەردەم دێموکراسین، چ ئەو وڵاتە زلهێزە جیهانی و ناوچەییانەی کە بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرەوەی هەموو ڕێسایەکی مرۆیی دادەنێن و چ ئەو توندڕەوە مەزهەبییانەی ناوچەکە کە مرۆڤەکانیان کردووەتە قوربانیی ئامانجە داسەپێنەرانەکانیان و هەروەها بەشێك لەو دێموکراسیخوازانەی ناوچەکە کە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشیان لە پرسەکان هەیە، بە سووتانی هیواکانی دێموکراسی لە ناوچەکەی لە قەڵەم دەدەن و بانگەشەی بۆ دەکەن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەگەرچی شەڕی مەزهەبی مالوێرانکەرە و توندوتیژی، توندوتیژی دەهێنێ و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی توندڕەوەکان و دژبەرانی دێموکراسی، بەڵام خوێندنەوەی وردبینانەتر و بنەماییتری ڕەوتەکە پێمان دەڵێ لە درێژخایەندا گۆڕانکارییە بنەماییەکانی بنچینەی کۆمەڵگاکان کاریگەریی خۆیان دادەنێن و دێموکراسی دەبێتە پارادایمی زاڵی ناوچەکە. دامەزرانی دێموکراسی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ئەزموونکردنی ئەو قۆناخە تاریکانە لەو ڕەوتەدا بێ ئەملاوئەولایە و نە تەنیا بە مانای لە ژێر خۆڵ کرانی دێموکراسیخوازی نییە، بەڵکوو بە مانای تێپەڕکردنی قۆناخێکی دیکە و نزیکبوونەوە لە ئامانجە.

# سووریه و چەکی شیمیایی

و: موعتەسەم نوورانی

ژنێف- ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٣ی سێپتامبر، دیپلۆماتە سەرەکییەکانی رووسیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رایانگەیاند کە پێشنیار کراوە، کۆنفرانسێکی ئاشتی نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی وێرانکەری ناوخۆی سووریە دەتوانێ هیوا بە ئاشتی ببوژێنێتەوە، بە مەرجێك ئەو وڵاتە چەکە شیمیاییەکانی ئاشکرا بکات و بیخاتە ژێر چاوەدێریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. قسەکانی جان ئێف کێری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا و سێرگێیی لاورۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی رووسیە نیشانەیەکی روونی بایخدانە بە کاری دیپلۆماسی کە ئەو حەوتوە دەستی پێکرد، بۆ دۆزینەوەی رێگایەك بۆ پێشگرتن بە گورزی سەربازیی ئەمریکا لە سووریە کە بتوانێ دەروازەیەك بێ بۆ گەیشتن بە وتووێژەکانی ئاشتی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو شەڕەی کە ٢ ساڵ و نیوە ئەو وڵاتەی داگرتووە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رووسیە لەمێژە هەوڵ دەدەن کۆنفرانسێکی ئاشتی پێك بێنن کە لەودا بتوانن حکومەتی سووریەی بەشار ئەسەد و بەرهەڵستکارانی ئەو کە بە مەبەستی رووخاندنی حکومەتەکەی ئەسەد خەبات دەکەن، لە دەوری یەك کۆ بکەنەوە. بەڵام هەوڵەکەیان بە ئاکام نەگەیوە. جان کێری لە دووهەمین ڕۆژی کۆبوونەوەی داماڵینی چەکە شیمیاییەکانی حکومەتی سووریەدا وتی: "سەرکەوتنی کۆنفرانسی ئاشتیی ژنێف بەستراوەتەوە بە توانایی بڕیار و حەرەکەتی ئێمە لێرە".

جان کێری، ڕۆژی پێنج شەممە ئاگاداریی دا کە ئەگەر سووریە مل نەدا و گوێڕایەڵی بڕیارە نێونەتەوەییەکان نەبێ، هێزەکانی ئەمریکا ئامادەن گورزی سەربازی لەو وڵاتە بدەن. چونکە رێژیمی ئەسەد هەم بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی هێڵی سووری بەزاندووە هەم یەکێك لە گەورترین کوگای چەکی شیمیایی جیهانە و مەترسیی هەیە بۆ هەموو وڵاتانی دراوسێ.

بەشار ئەسەد لە چاوپێکەوتنێکی تلویزیۆنیدا وتی ئەگەر ئەمریکا کۆتایی بە هەڕەشەی گورزی سەربازیی خۆی بێنێ و پێش بە حەرەکەتی چەکداریی بەرهەستکارانی ئەو بگرێ، ئامادیە جبەخانە و کارخانە چەکسازییەکانی رادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا. کێری روونی کردەوە کە قسەکانی ئەسەد جێگای بڕوا و متمانە نین. ڕۆژی هەینی جان کێری و لاورۆف چاویان بە ئەخزەر ئیبراهیمی دیپلۆماتی شارەزا و نوێنەری یەکیەتی عەرب و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سووریە کەوت و دیدار و کۆبونەوەکەیان بە ئەرێنی نرخاند و لەوانەیە ڕۆژی شەممەش بەردوام بێ. هەردووك دیپلۆمات رێککەوتن کە پاش دوو حەوتووی دیکە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك سەبارەت بەو مەسەلە پێکەوە دانیشن. هەروەها ئەخزەر ئیبراهیمی وتی هەموو هەوڵی خۆی بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی ژنێف دەخاتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەی ئاشتیانە لە سووریەدا.

ڕۆژنامەی واڵستریت جورناڵ هاوکات لەگەڵ وتووێژی وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و رووسیە، ڕۆژی پێنج شەممە وتارێکی بڵاو کردەوە، کە دەستەیەکی نهێنیی سەربازیی سوپای سووریە کە بە یەکەی سەربازی ٤٥٠ ناسراوە، لە ناوەندی بەرنامەی چەکی شیمیایی رێژیمی ئەسەددا چەکە کۆمەڵکوژەکانیان بۆ ٥٠ شوێنی نادیار راگواستوە بۆ ئەوی ئەمریکا نەتوانی بە هاسانی لە ناویان بەرێ. کاربەدەستانی سەربازیی ئەمریکی پێیان وایە کە جێگۆڕکێی ئەو چەکانە کارەکە بۆ لێدانی گورزی سەربازی ئاڵۆزتر دەکا.

واڵستریت جۆرناڵ بەگوێرەی وتەی کاربەدستیکی پایە بەرزی ئەمریکایی ئاشکرای کرد کە رێژیمی ئەسەد زیاتر لە هەزار تەن مەوادی شیمیایی و بایۆلۆژیکی هەیە. کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا بەو ڕۆژنامەیان وتووە کە ئەمریکا بەرنامەی نییە بۆ لێدانی ناوەندی چەکە شیمیاییەکانی سووریە. لێدانی راستەوخۆ لەو ناوەندانە ئەگەری بڵاوبوونەوەی گازە سەمییەکانی هەیە کە مەترسیی دەبێ لە سەر ژیانی دانیشتوانی دەڤەرەکە.

رێژیمی سووریە لە ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٣دا، لە ناوچەی غەوتەی دەوروبەری شاری دیمەشق بەمەبەستی سەرکوت و چاوترسێن کردنی نەیارانی خۆی چەکی شیمیایی بەکارهێنا. زیاتر لە ١٤٠٠ کەس خەڵکی ئاسایی کوژران کە ٤٠٠ کەسیان منداڵ بوون. ٩ی سێپتامبر پشکێنەران و پسپۆڕانی چەکی شیمیایی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتی خۆیان پێشکەشی بانکی مۆن ئەمینداری گشتیی ئەو رێکخراوە کرد. راستییەکەی ئەوەیە کە لە شەڕی ناوخۆیی سووریەدا چەکی شیمیایی لە جۆری گازی ژەهراویی سارین بەکار هاتووە. ئاغای مۆن راپۆرتەکەی دڵتەزێن و هەژێنەر وەسف کرد، هەروەها وتی "بەشار ئەسەد تاوانبار و بەرپرسیارە لە هەموو کوشتار، خوێنرێژی، کاولکاریی و ئاوارەیی خەڵکی سووریەدا".

لەگەڵ هەموو ئەوانە، شۆڕش و بەرخۆدانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سووریە بە دژی دیکتاتۆریی و سەرەڕۆی بنەماڵەی ئەسەد بە توندی بەردەوامە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵ و نیوەدا زیاتر لە ١١٥ هەزارکەس خەڵکی مەدنی لە ژن و پیاو و منداڵی ئەو وڵاتە کوژراون. سووریە بە تەواوی کاول بووە، ژێرخانی ئابووریی دارماوە، زیاتر لە دوو میلیۆن کەس ئاوارەی هەندەران بوون و چەند میلیۆنیش هەر لە نێوخۆدا ئاوارە بوون. گرتووخانەکانی رێژیم پڕن لە خەڵکی بێتاوان. بەو حاڵەش وڵاتانی خاوەن بڕیار بەتەمان لە رێگای دیپلۆماتیکەوە کۆتایی بەو کێشەیە بێنن. بەڵام تاقیکاری نیشانی داوە کە گوشاری ئابووری و ریگاچارەی دیپلۆماسی لەگەڵ رێژیمە توتالیتێرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێسوودە.

# سووریە لە گڵۆپی سەوزەوە تا هێڵی سوور

سەلام ئیسماعیل پوور


دەستێوەردانی کاولکەرانەی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری سووریەدا تا دێت زیاتر دەبێت. لەم نێوانەدا دەربڕینە یەك لە دوای یەکەکانی بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی رێژیم سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی سووریە و رێژیمی بەعسی ئەو وڵاتە لە ستراتیژی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەرخەری ئەوەیە کە شەڕی سووریە بەستراوەییەکی تەواوی بە چارەنووسی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، واتە شەڕی سووریە بۆ کۆماری ئیسلامی شەڕی مان و نەمانی خۆیەتی، بۆیە دەستهەڵگرتنی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیی رێژیمی ئەسەد، تەنیا کاتێك ئەگەری روودانی هەیە کە گەرەنتییەکی تەواو لە ئەمریکا و رۆژئاوا وەربگرێت بۆ پاراستنی خۆی لە بەرانبەر هەر جۆرە هەڕەشەیەکی نێوخۆیی و دەرەکیدا کە ئەوەش لە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکەدا لەگەڵ ئاوەز و لۆژیکی سیاسی لە ناتەباییدایە. ئەو گرینگییەی سووریە بۆ کۆماری ئیسلامی لە کاتێکەوە دەستی پێکرد کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری خۆیەوە، وەکوو هێزێکی دژە ئیسرائیلی و پشتیوانی فەلەستینییەکان، هەموو بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی بە دژایەتیی ئیسرائیلەوە گرێ دا. هەروەها هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ سەر ئیسرائیل هەمیشە لە سیاسەتی رێژیمی ئێراندا وەکوو شمشێری دامۆکلێسی لێ هاتووە کە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی رۆژئاوا دژ بە ئێراندا بەکار هاتووە.

بۆ ئەم مەبەستەش سووریە وەکوو شارێگەی گواستنەوەی یارمەتیی لۆجستیکی و هێز و چەکوچۆڵ بۆ رێکخراوەکانی وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپە جیهادییەکانی فەلەستین رۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە. سووریە لە شەڕی ئێران و عێراقدا تەنیا وڵاتی عەرەبی بوو کە پشتیوانیی لە ئێران دەکرد. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسی حافز ئەسەد و حیزبی بەعسی سووریە لە حیزبی بەعسی عێراق. شەڕی ئێران و عێراق دەبووە هۆی ئەوەی کە حیزبی بەعسی عێراق نەتوانێت گوشار بخاتە سەر رەکابەرە سوورییەکەی و لە راستیدا سەرنجی زیاتر بۆ لای ئێران رابکێشرێت.

ئەو هاوکێشەیە بە شێوەیەکی سرووشتی و پێوەندییەکی ئیستراتیژیکی لە نێوان ئێران و سووریەدا پێك هێنا و ئێرانی لە چاوی دەسەڵاتدارانی سووریەوە کردە هاوپەیمان و پشتیوانێکی هەتاسەر، هەروەها رێژیمەکانی سووریە و ئێران، لە لوبنان و فەلەستین و سنوورەکانی ئیسرائیلیشدا کۆمەڵێك ئامانج و بەرژەوەندیی هاوبەشیان بوو کە پێوەندیی نێوان ئەو دوانەی پتەوتر دەکرد.

لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ مانەوەی ئەسەد بە هەر بەهایەك، بەو ئاکامەش گەیشتووە کە درەنگ یان زوو، دەسەڵاتی ئەو کۆتایی پێ دێت و دەبێ لە بیری ئالترناتیڤێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەدا بێت. هەر بۆیە لە لایەکەوە بە پێکهێنانی گرووپی چەکداری تایبەت بە عەلەوییەکان دەیهەوێ لە داهاتووی سووریەشدا بەشێك لە هاوکێشەکە بێت و لە لایەکی دیکەوە بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ رۆژئاوا، بەتایبەتی پاش هاتنەسەرکاری حەسەن رووحانی دەیهەوێ ئەو پەیامە بەوان بدات کە لە ئەگەری گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی لە داهاتووی سووریەدا، بۆ ساتوسەودا لەسەر چارەنووسی ئەسەدیش ئامادە دەبێت. وتەکانی ئەم دواییانەی رەفسەنجانی لەمەڕ بەراوردکردنی بەشار ئەسەد و سەدام حسێن و شوبهاندنی کیمیابارانی "غووتە" بە "هەڵەبجە" نموونەیەك لەو گڵۆپە سەوزانەیە کە دەیهەوێ بە رۆژئاوا بڵێ لە نێوخۆی رێژیمی ئێراندا هاوڕاییەکی تەواو لەسەر پشتیوانیی هەتاسەر لە رێژیمی سووریە بوونی نییە.

ئەحمەد وەحیدی و قاسم سلێمانی، دوو فەرماندەی پێشوو و ئێستای رێکخراوی تیرۆریستی سوپای قودسی سوپای پاسداران، لەم دواییانەدا هۆشدارییان بە حەسەن رووحانی داوە کە هەڵوێستەکانی دەوڵەتی یازدەهەم لە پێوەندی لەگەڵ سووریەدا نابێ جیاواز لە هەڵوێستەکانی دەوڵەتی دەیەم بێت. خودی ئەو هەڕەشەیەش دەری دەخات کە لایەنگرانی پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای رێژیمی ئێران لە بەشار ئەسەد دیانهەوێ گڵۆپە سەوزەکان هێڵە سوورەکانی ئەوان تێ نەپەڕێنێت.



## جووت حەوت

هەوراز

- پرسی ئەمجارەمان لە شوێنێکەوە دەست پێدەکات کە هەموو شتێك لەوێ کۆتایی پێ دێت، شەڕ نەبێت. بەڵێ سووریای ژێردەسەڵاتی هەتیوەکەی مام حافز کە بۆ هێندێك لایەن لە باوکیش ئەولاتر بوو و ئێستا هەتیوەکەی دەربەدەر بە دوای باوکێکدا دەگەڕێ بۆ خۆی. بەڵی هاوڕێیان! کێسینجری کورد گوتەنی "ئێستا لە سووریە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێ" تەنانەت بەشاری مام حافزیش نازانێ دەبێ پووتین باوکی بێت، یان خامنەیی؟ جۆن کێری یان رووحانی؟ قاسم سلێمانی یان لاورۆف؟ لەو بێ سەرەوبەرییەدا کەسانێکیش هێشتا پێیان وایە بەشار دەتوانێ باوکێتیی ئەوان بکات. هەی دۆشاو!!!

رووسیە و ئێران کە تا دوێنێ دەیانگوت بەشار چەکی شیمیایی لە هەنبانەدا نییە و ئەوە ئەلقاعیدەیە بە فرۆکەی رووسی و هێلیکوپتەری ئێرانی کیمیابارانی خەڵك دەکات، ئێستا دەڵێن سووریە بە تەسلیمکردنی چەکە شیمیاییەکانی نیازپاکیی خۆی دەسەلمێنێ، تەنانەت لەوە زیاتریش دێنە پێش و دەڵێن بۆچی UN لەو سەربازە سوورییانەی نەپرسیوەتەوە کە لە "خان عەسەل" بۆردمانی شیمیایی کراون و کاتی خۆی بە ژن و منداڵ و پەککەوتەکانی ناوچەی "غووتە"وە بە فیرۆ داوە، باشە با بەشار جارێکیش بە چەکی شیمیایی لە ژن و منداڵ بدات، خۆ دنیا کاول نابێت، هێندێك جاریش بۆ پاراستنی ئیسلام!!! پێویستە بە چەکی رووسی ژن و منداڵی موسڵمانیش قڕ بکەی، تۆزێك ئێشی هەیە، بەڵام کە مردن، لە بیریان دەچێتەوە و سپاسی ئەرتەشی ئیسلامیش دەکەن.

سەیر ئەوەیە لەو گۆمە خوێنەدا حاجی حسەینی ماڵە سپییەکەی ئەوبەریش هەر لە گێژاوی ئەم پرسیارەدا دەخولێتەوە کە ئاخۆ ئەم چەندسەد کەسە بە چەکی شیمیایی کوژراون، یان نا؟ واتە ئەو ١٠٠هەزار قوڕبەسەرەی تا ئێستا بە بۆمبهاوێژ و بی کەی سی و داس و تەور و کلاشنیکۆف کوژراون، بە قوربانی سەری بەشار بن. هەر بە بۆمبی ئەتۆم و شیمیایی نەکوژرێن، چۆن دەکوژرێن ئەوە ئیتر کێشەی خۆیانە.

- ئاخوند محەممەدی حوسەینیی شاهرودی، نوێنەری خامنەیی لە پارێزگای سنە گوتوویە: "تاقە رێگای کامەرانیی ژنان ئەوەیە کە پیاو نەبینن و پیاوانیش ئەوان نەبینن".

هەروەها موحسین ئەراکی، سکرتێری کۆڕی جیهانیی! لێکنزیککردنەوەی ئایینزاکانی ئیسلام!!! دەڵێ: "هاتنە دەری ژنان لە ماڵ، یەکێك لە گەورەترین خەیانەتەکان بووە کە بەرانبەر بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کراوە".

هەی دەردی هەرچی ژنە لە تەوقە سەری پووچەڵتان! ئەگەر ژن و پیاو یەکتر نەبینن، ئێوە دەتوانن چوارچوار ژن بێنن و سەر و دانە هاوسەری لەندەنی و رووسی و ئەمریکایی بێنن؟ نەکا دایکتان ئێوەی لە چاڵە دۆیینە دەرهێنابێت و باوکتانی هەرگیز بە چاو نەدیبێ؟ هەی موعجیزاتی هەزارەی سێهەم!!!

# گرینگی نەدانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گەشەی پەروەردە لە ئێراندا

حەسەن ساڵح زادە

بواری پەروەردە و بارهێنان لە ناو هەر کۆمەڵگایەك وەك بەشی سەرەکی و بنەمایی بۆ پێشکەوتن و دەربازبوون لە دواکەوتوویی دێتە ئەژمار. هەر لەم ڕووەوە کەوتۆتە بەر سەرنج و چاوەدێرییەکی تایبەتی لە لایەن بەرپرسانی هەر دەسەڵاتێکەوە. بە هۆی ئەوەی کە هەر وڵاتێك ئەگەر بەدوای پێشکەوتنەوە بێت، پێویستە لە سەرەتای هەر کارێکەوە هێزی لێهاتووی مرۆیی پێك بێنێت و تەنانەت ئەگەر تەواوی بەشەکانی دیکەی پێشکەوتن ئامادە بن. بەڵام لە سیستمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، پاش ئەوەی کە مەجلیسی شورای ئیسلامی دەنگی بە وەزیری پێشنیارکراوی پەروەردە و فێرکردنی دەوڵەتی یازدەهەم نەدا، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن وەکوو یەکێك لە گرینگترین و بەرفراوانترین وەزارەتخانەکانی وڵاتی ئێران بێ بەرپرس مایەوە و تا داهاتویەکی نادیار چارەنووسی بە قەزا و قەدەر سپێردرا. مەجلیسی شورای ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی خەڵك بکا و متمانەی ئەوان بەدەست بهێنێ چونکە توانای سەربەخۆیی بڕیاردانی نیە و وەك هەمیشە لە خزمەت وەدیهاتنی بەرژەوەندیی تاقمی فەرمانڕەوادا ماوەتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا کە وەزیری پەروەرە و فێرکردن بە پەلە پڕووزێ چەند ئاڵوگۆڕێکی ناشیانەی وەك پشووی پێنج شەممە و گۆڕینی سیستمی پۆلەکانی هێنا ئاراوە، یان لە ڕووداوی تاڵی ئاوایی شیناوێی پیرانشار و چەند ڕووداوی هاوچەشن، کە بەرپرسانی پلەبەرزی دەزگای پەروەردە بە گاڵتەجاڕی وەڵامی کۆمەڵگایان دایەوە و خۆیان بە بەرپرسی ڕووداوەکان نەزانی، مەجلیسی شورای ئیسلامی نەیتوانی هیچ گوشار و هەڕەشەیەکی شوێندانەریان ئاراستە بکا. کۆمەڵگای ئێمە زۆرجار لە ئاکامی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی دەزگای پەروەردە تووشی کارەساتی نەخوازراو هاتووە، بەڵام بە ناو نوێنەرانی خەڵك دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەسەڵات و دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەداوە تا ئەو جێگایەی کە وەزیری پەروەردە و مودیرەکانی، بە کردەوە چەوتەکانیاندا بچنەوە.

زۆربەی ڕووداو و کارەساتەکانی خوێندنگاکان لە بێ ئیمکاناتی و تەرخان نەکردنی بووجە و سەرانەی پێویست بۆ دەزگای پەروەردە سەرچاوە دەگرێ. هەروەها بێبەشبوونی هەزاران منداڵی تەمەن ٦ ساڵ تا ١٥ ساڵی بنەماڵە دەست کورت و کەم داهاتەکان لە خوێندن و دوورکەوتنەوەی قوتابییانی خاوەن بەهرە لە خوێندن ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێراندا لە زیادبووندایە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەند بە خەزێنەگەلی ژێرزەوی و لە سەرووی هەموویانەوە نەوتە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ناوەند و بونیاتە بەرژەوەندخوازەکانی دەسەڵات و تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە لایەنە بونیادگەرا تیرۆریستەکانی وڵاتانی جیهانیش لە بەرهەمی ئەم خەزێنە بەسوودە بحەسێنەوە. بەپێی وتەی کاربەدەستانی باڵای وەزارەتی پەروەردەی کابینەکانی پێشوو، لە کاتی دابەشکردنی بووجەدا وەزارەتی پەروەدە و فێرکردن لە دوایین قوناخەکاندایە و هێچ خەمخۆرییەك لە بەرانبەر پرسی فێرکاری نیە و هیچ ڕوانینێکی زانستیانەش بۆ داهاتووی وڵاتی ئێمە لە بەرچاو ناگیردرێ. لە قوتابخانەکانی وڵاتی ئێران ساڵانە و بێ پسانەوە بینەری ڕووداوی زۆر دڵتەزێن دەبین کە هۆکارەکانیان لە لایەك بۆ لاوازیی بینا و پێداویستییەکانی بواری خوێندن و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دابین نەکردنی مافی قوتابیان و بایەخ نەدان بە گۆڕینی ژیانی مامۆستایان دەگەڕێتەوە. کاربەدەستانی پەروەردە هیچ بایەخێك بە باری گوزەرانی مامۆستایان و بارودۆخی نالەباری قوتابیان لە ئێراندا نادەن. هەڵدانەوەی ڕووپەڕی ڕاستییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پەروەردە لە ئێراندا بووەتە قوربانیی تاقمێك بەرپرسی کۆنەپەرست، کە تەنیا بیر لە جێگە و پێگەی خۆیان دەکەنەوە. ئەم تاقمە بە گەیشتن بەو قەناعەتەی کە دام و دەزگای پەروەردە هیچ داهاتێکی ئابووری نیە، هەوڵیان داوە پرسی فێرکاری ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە پەراوێز بخەن و بەلاڕێدا بەرن.

لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی بەرپرسانی ڕێژیم لەمەڕ بەردەوامیی سیاسەتی هەڵاواردن لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، چەند دیاردەیەکی نەرێنی هاتووەتە ئاراوە کە هەڕەشە لە سەقامگیری و داهاتووی گەشی پرسی فێرکاری دەکەن. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کەشوهەوای ئەمنییەتیی دەزگای پەروەردەدا دەبینرێ، بێبەشکردنی قوتابیانی نەتەوەکانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زکماکیە، بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی زانستی کەوتوونەتە پەراوێز و هەلی گونجاویان پێ نادرێ، مودیرییەتە باڵاکانی زۆربەی هەرە زۆری ئۆرگان و خوێندنگاکان بەدەستی کەسانی ناشارەزا و گوێ لەمست قۆرخ کراوە. ڕێژیمی ئێران لە جیاتی ئەوەی بەهرەی شیاو لە داهاتە سروشتییەکانی وەربگرێ و لە سێبەری ئەم میکانیزمە وەزەبەخشەدا هەلی کار و ئاسایشی گشتی بۆ دانیشتوانی بڕەخسێنێ، بەداخەوە دەسهاتەکان بۆ پرۆژەگەلی فۆرمالیتە، کڕینی چەکوچۆڵ، خەرجی سەرسامهێنەری ئیدئۆلۆژیکی نیزامی سیاسی، قازانجی شەخسی کاردارانی حکومەت بەکار دەبرێن و لە ئاکامدا قەیرانگەلی کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدەن کە هێورکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە. ئەمڕۆ لە ڕوانگەی زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە، مەسەلەی داهاتووی منداڵان وەك مەسەلەیەکی سەرەکی لە دەستووری کاری دەوڵەتەکاندایە. بۆ ئەم مەبەستەش وەك ئەرکێکی مرۆیی و نەتەوەیی، بە بێ منەت بووجەی جۆراجۆری بۆ تەرخان دەکرێ و هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی شوێنەواری بێ سەوادی بە کردەوە لەگەڕدایە، بێ ئەوەی ڕیکلامی پێوە بکەن یان کەسایەتیی منداڵ و بنەماڵەکانیان بشکێنن. لەم وڵاتانەدا سندوقی بیمەی بنەماڵە، وەك پشتیوانی بەهێزی بنەماڵەکان لە سەرەتای لەدایکبوونی منداڵەوە تا گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵی چالاکانە لە خزمەتگوزاریدایە. جیا لەوەی هەر منداڵێك مانگانە بڕە پارەیەك وەك یارمەتی دەخرێتە سەر حیسابی سەپەرستانی، بەر لە دەسپێکی ساڵی خوێندنیش سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندنی لە ئەستۆی ئەو سندووقەیە. دەوڵەت لە تەنیشت خزمەتگوزارییە بەرینەکانی خۆیدا، خوێندنی خۆڕایی بۆ منداڵان دابین کردووە و بە یاساغ ڕاگەیاندنی کارپێکردنیان، خوێندنی تا تەمەنی ١٦ ساڵی بە ئیجباری ڕاگەیاندووە.

لە بەرانبەردا، بە ئاوڕدانەوە لە سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شێوازی هەڵسوکەوتەکانی لە هەمبەر پرسی مافی منداڵان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەرپرسانی ئێمە نە تەنیا هەوڵی دابینکردنی ئاسایش و داهاتووی منداڵان نادەن، بەڵکوو بە ئەمنییەتی کردنی ڕوانگەکانیان، ڕاستییەکان دەشارنەوە. بەرپرسانی بواری پەروەردە بە بیانووی یارمەتیی ئابووری کردەوەگەلی نەزۆکی نازانستی و ناسەردەمیانە دەخەنەڕوو کە تەنیا شکانی کەرامەت و کەسایەتیی قوتابیانی هەژار و بنەماڵەکانیانی بەدواوەیە. پرۆژەگەلی بە ناو "جەژنی عاتفەها، سندوقی خۆشبژێویی قوتابی، یارمەتیی قوتابیانی کەمداهات و ...".

ئەگەرچی سەبارەت بە سیاسەتی هەڵاواردن و بەهێزکردنی ناوەندەکانی سیخوڕی گەلاڵەی زۆر گەورە لە ئارادایە و باسیان لێوە کراوە، بەڵام لێرە مەبەست لە هێنانەوەی ئەم چەند نموونە بچووکە تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە چوارچێوەی قوتابخانەدا بمێنینەوە. هەروەها مەبەست لە باسکردنی سیاسەتی ڕیاکارانەی کاربەدەستانی ڕێژیمە کە بە دروشمی ڕواڵەتیی "عەدلی عەلی" و ڕەچاوکردنی "ئیسلامی نابی موحەممەدی"، بە دەستی ئاوەڵاوە سامانی نەتەوەیی گەلانی ئێران بە تاقمێکی جیرەخۆر دەبەخشن و لە بەرانبەردا حەقدارانی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە واتە منداڵانی بێگەرد و ڕەش و ڕووت لە هەر چەشنە یارمەتییەك بێبەش دەکەن.

# ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی پەڵەیەکی ڕەشە لە کارنامەی "کۆماری ئیسلامی"دا

ناسر سالحی ئەسڵ

٢٥ ساڵ بە سەر کارەساتی ئیعدامی بەکۆمەڵی زندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا کە مانگی خەرمانان چڵەپۆپەی کارەسات و ڕووداوەکە بوو، تێپەڕ بووە. لەو ساڵە و لە ماوەی چەند مانگدا هەزاران زیندانیی سیاسیی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ کە تاوانیان تەنیا تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیدا بوو لە بیدادگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەکۆمەڵ ئیعدام کران. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش قبوولکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شوورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٦ی پوشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاویدا و دان بە شکستی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق لە لایەك و لەلایەکی دیکەوە لە ترسی ڕاپەڕین و نارەزایەتیی گەلانی ئێران، بەحوکمی ڕاستەوخۆی خومەینی، هەزاران زیندانیی سیاسی لە بیدادگاکانی ڕێژیمدا، بە دیاریکردنی لیژنەیەك لە لایەن خومەینییەوە، پێکهاتوو لە: ئاخوند نەییری قازی دادگا، مستەفا پوورمحەممەدی نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات (وەزیری ئێستای دادگوستەری)، ئاخوند ئیشراقی دادستان، ئیبراهیم ڕەئیسی جێگری دادستان، بە ڕاگرتنی مولاقاتی زیندانیانی سیاسی لە سەرتاسەری ئێراندا، ڕێژەیەکی بەرچاویان بەکۆمەڵ ئیعدام کران. کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی بە حوکمی ڕاستەوخۆی خومەینی، لە ڕاستیدا سەرەتای پەلامار بردنی ڕێژیم بۆ پێشگرتن لە نارەزابەتی و ڕەخنەگرتنی خەڵك لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی پاش ٨ ساڵ شەڕ و کاولکردنی ئێران بوو. بەم جۆرە لە وەرزی هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا، بە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، بە خەیاڵی خۆیان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی وەزاڵەهاتوو و نارازیی ئێران چاوترسێن بکەن، تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا. پاش کوشتاری دڵتەزێنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧دا، ئێستاش گرتن، ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ئیعدامی خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی گەلانی ئێران چ لە نێو زیندانەکان چ بە شێوەی تیرۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، چ بە شێوەی سەرکوتی خوێناوی ئیعترازاتی دێموکراسیخوازیی گەلانی ئێران درێژەی هەیە. چونکە ڕێژیم لەو بڕوایە دایە کە تەنیا بە سەرکوت و خەفەقان و زیندان و ئیعدامی ڕۆڵە خەباتگێڕەکان دەتوانێ درێژە بە تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆی بدات. لە لایەکی دیکەوە ئێستاش زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان، نیشتمانپەروەران، لاوان و ژنانی مەیدانی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی، ڕێبوارانی ڕێگەی خەباتی مافی نەتەوایەتی، جمەیان دێ. هەر ئێستاش بیدادگاکانی ڕێژیم لە ژوورە دەرگا داخراوەکاندا، درێژە بە دەرکردنی توندترین و دژەمرۆڤانەترین سزاکان و بەتایبەت سزای حوکمی ئیعدام لە دژی خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕانی نەتەوەکانی ئێران دەدەن. هەر ئێستا زیاتر لە ٨٠ کەس لە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ مۆتەکەی مەرگ ڕووبەڕوون. بۆ دەرچوون لەم وەزعە ڕێگە چارەی گەلانی ئێران، ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندن و پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵ و دێموکراتیکە، تا لە داهاتوودا بۆ جارێکی دیکە گەلانی ئێران شاهیدی دووپاتبوونەوەی سیستمێکی نادێموکراتیك نەبنەوە. لەو بۆنەیەدا وێڕای سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەگشتی و قوربانیانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ٦٧، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی نەوەستین.

# ١١ی سێپتامبر دوای ١٢ ساڵ

کەیهان یووسفی

١٢ ساڵ تێدەپەڕێت لە هێرش بۆ سەر دوو تاوەرەکەی ناوەندی بازرگانیی جیهانی و پێنتاگۆن لە شاری نیویۆرك. هێرشێك کە ٣٠٠٠ کوژراوی لەدوای خۆیدا بەجێهێشت.

بە ئاوڕدانەوەیەك بە دیرۆکی تیرۆریزم لە نیو سەدەی ڕابردوودا، ١١ی سێپتامبر خاوەن گرنگیەکی تایبەتە، خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی تیرۆریزمی جیهانیدا. دوای ئەم ڕووداوە ئامریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هاوسەنگەر بوون بۆ بنەبڕکردنی تیرۆریزم لە جیهاندا. هەوڵێك کە تا هەنووکە نەك سەکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێناوە بەڵکوو پانتایی هەوڵە تیرۆریستییەکان بەربڵاوتر بووە و گرووپە تیرۆریستییەکانیش توانیویانە بیاڤی چالاکیەکانی خۆیان پەرە پێ بدەن و بنکەکانیشیان زیاتر لە جاران بکەن.

ڕووداوی ١١ی سێپتامبر بووە هۆی ئەوەی کە جیهانی ڕۆژئاوا بەرەوڕووی ئیسلامی بناژۆخوازی سوننە کە ئەلقاعیدە ڕێبەری و بێن لادەن سەرۆکایەتی دەکرد، ببێتەوە. بناژوخۆازیی ئیسلامییەك کە سەرەتاکانی بەهێزبوونی لەگەڵ سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕۆژئاوا هاوڕاستا بوو. ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە مێژووی تیرۆریزمی جیهانیدا هەر وەك ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، خاوەن گرنگییە. ساڵێك کە دەسپێکی لە دایکبوونی دوو ڕەوتی تیرۆریستی بوو.

ڕادیکاڵیزمی ئیسلامیی سوننە لە ئەفغانستان کە موجاهدەکانی ئەفغان بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هێرشی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم بە یارمەتی ڕۆژئاوا پەرەیان پێدا و بەهێزیان کرد و ئیسلامیستە سوننەکان لە سەرانسەری جیهانەوە ڕوویان لەوێ کرد و لە لایەکی دیکەشەوە هاتنە سەرکاری بناژۆخوازی ئیسلامی شیعی کە لە دوای شۆڕشی ئێران کە بەرەنجامەکەی لەدایکبوونی ڕەوتگەلێکی تیرۆریستی لە ناوچە و لەوانە حیزبوڵڵای لوبنان و ... بوو.

لە واقێعدا ئەم دوو ڕەوتە کە هەر دوویان بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن ڕۆژئاواوە ڕێبەری دەکران، هێڵێکی پتەو بوو بۆ پێشگرتن لە تەشەنەی کۆمۆنیزم و پەرەسەندنی دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت.

بناژۆخوازی سوننە کە سەردەمانێك ئامریکا خۆی بە یارمەتی ماڵی عەرەبستان و هاوکاری لۆجستیکی پاکستان لە ئەفغانستان بەهێزی کردبوو، لە ١١ی سێپتامبردا ڕووی هێرشەکانی بەرەوڕووی هاووڵاتیانی ئەمریکی و ئەم وڵاتە کرد. ئەم شەڕە هێشتا هەر درێژەی هەیە. شەڕێك کە هەنووکە بۆتە هاوکێشەیەکی زۆر ئاڵۆز. ئەکتەرەکانی ئیسلامیستە توندڕەوکان و بەڕێوەبەرانی زلهێزە جیهانیەکانن.

خاڵی بەرەوڕووبوونەوەی ئەم دوو هێزە هەنووکە لە سووریەدا دەبینرێت. هەر کامەیان بە نێوی ئیسلامەوە دەیهەوێت ئەوی دیکە لە ناو ببات. زلهێزە جیهانیەکانیش هەر کامەیان ڕەوتە بەستراوەکان بە خۆیانەوە یارمەتی دەکەن. براوە کێ دەبێت زۆر ناڕوونە بەڵام دۆڕاوی ئەم شەڕە بێ گومان خەڵکانێکن کە ڕۆژانە دەبنە قوربانی و هیچ کەسیش دەنگیان نابیسێت.

# دوکتور شەرەفکەندی، بەڕێوەبەری و ڕێبەری

شکۆفە قوبادی

کات بەخێرایی تێدەپەڕێت. بیست و یەك ساڵ لەو حەرەکەتە تیرۆریستی و دژی مرۆڤایەتییەی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە. لە دوای ئەوە هەموو ساڵێك سمینار و بەرنامە بۆ یادکردنەوە و ڕێزگرتن لەو شەهیدانە بەڕێوە چووە و بە شێوازی جیاواز باس لە ژیان و خەباتی د. سادق و هاوڕێیانی کراوە. لەسەر چۆنیەتیی شەهیدکرانی و هەروەها کاریگەریی لەدەستدانی د. سەعید بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد بە گشتی و هەروەها ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تیرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ڕوانگەی جۆراجۆر باس و لێکدانەوە کراوە.

من هەوڵم داوە کە ئەو تایبەتمەندییانەی د. سەعید چ وەك تاك و چ وەك ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی زانستی لە سەر ڕێکخراو و نەقشی ڕێبەرایەتی زۆر بە کورتی بخەمە بەرباس.

لە ساڵی ١٩٥٠ هەتا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی زۆر بە سەر شێوازی پێناسەکردنی ڕێبەرایەتی هاتووە. لە ساڵەکانی ٥٠ ڕێبەرایەتی زیاتر لە شێوازی ئەمر کردن و دەستور کەڵکی وەردەگرت و ئەندامانی ڕێکخراوەکە تەنیا دەبا بەڕێوەبەری بڕیار بان. دواتر باس لەسەر زانستی پێوەندی کۆمەڵایەتی بوو بە بەشێکی گرینگ لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی باش کە هم بتوانێ بەڕێوەبەر بێت و هەم ڕێبەر. ئێستا ڕێبەری باش بەپێی زانستی ڕێبەرایەتی ئەوەیە کە بە شێوازی دێموکراتیك کار بکات و بتوانێ خەڵك لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ڕێگا بۆ پەروەردەکردنی سەرمایە مرۆییەکان لە نێو ڕێکخراوەکە خۆش بکات و توانایی ئەوەی هەبێت کە ئەندامەکانی هان بدات کە بە باشترین شێوە کارەکان بەڕێوە بەرن.

Kotter کە پرۆفسۆرێکی بەناوبانگ لە زانستی مۆدیریەتە دەڵێ کە ڕێبەری لە ٣ بەش پێك هاتووە:

١. داڕشتنی ڕێباز
٢. کۆکردنەوەی مرۆڤەکان لە دەوری یەك ئامانج
٣. ئەنگیزە دان و ئیلهام دان بە خەڵك.

هەر بەرپرسێك ڕێبەر نییە و یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان بەرپرس و ڕێبەر ئەوەیە کە ڕێبەر بڕیاری ڕاست و دروست دەدات و بەرپرس بڕیارەکان بە دروستی بەڕێوە دەبات.

ڕێکخراوەیش وەکوو بەشێك لە کۆمەڵگا پێویستە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا بەرەوپێش بڕوات و خۆی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە ڕێك بخات بۆ ئەوەیکە بتوانێ هەم خەڵك بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و هەمیش ئەندامەکانی خۆی لە دەست نەدات. ڕێبەرایەتییەکی مۆدێرن پێویستە هاوکات چاو لە داخوازیی ئەندامەکانی بۆ ئاڵوگۆر لە نێو ڕێکخراوکە بکات و بە شێوەی گونجاو وەڵامدەری ویستی ئەوانیش بێت.

ئەرکی ڕێبەری و ڕێبەرایەتی ئەوەیە کە هەموو کات چاو لە شێوازی بەشداری و چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی کارەکان لە نێو ڕێکخراوەکەدا بکات و ڕادەی چالاکبوونی ئەندامەکان هەڵسەنگێنێ. ئەگەر لە ڕێکخراوێکدا ئەندامەکان بەپێی پێویست چالاك نەبوون ڕێبەرایەتی ئەو ڕێکخراوە ئەرکی ئەوەیە کە بزانێ هۆیەکانی ئەوە چییە و هەوڵ بدات بۆ ئاڵوگۆڕ لە شێوازی کار و هێنانە سەر کاری شێوازی نوێ بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەندامەکانی چالاك کاتەوە و لە تواناکانی ئەنداماکەنی ئەوپەڕی کەڵك وەربگرێت.

د. توماس گۆردۆن کە دەروونناسێکی ئەمریکاییە بۆ یەکەمین جار باس و لێکدانەوەی لەسەر مێتۆدی پێوەندییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەکات.

تایبەتمەندیەکانی دیکەی ڕێبەر بریتییە لە:

فەزایەکی کراوە و شەفاف کە ئەندامەکان و ڕێبەرایەتی بتوانن پێکەوە سادقانە و ئاواڵە قسە بکەن.

هەردوو لا هەست بەوە بکەن کە لایەنی بەرانبەر دڵسۆز و خەمخۆرە.

وابەستەگیان بە یەکتر نەبێت. بتوانن سەربەخۆ کار بکەن.

ئازادی کەرەستەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بتوانن گەشە بکەن و هێزی داهێنانی خۆیان پیشان بدەن.

ئاواڵە بوون و شەفافییەت بە شێوەیەك کە کاتێ کێشەیەك دێتە پێش، بە شێوەیەك کێشەکە چارەسەر کرێت کە لایەنێ بە تەنیا تێیدا زەرەر نەکات.

لێکۆڵینەویەك کە لەسەر شێوازی ڕێبەرایەتی کراوە جیاوازییەکان و ئاکامی ٣ شێوازی ڕێبەری کردن ئاوا پیشان دەدات:

- ئاکتۆریتەر کە لەوێدا ڕێبەر تەنیا بۆ خۆی بڕیاردەرە و زۆر کەم لەگەڵ ئەندامانی ڕاوێژ دەکات. مەودایەك لە نێوان ڕێبەر و ئەندامان هەیە و هەموو وردەکارییەکان لە لایەن ڕێبەری دیاری دەکرێت. تەشویق و ڕخنە زۆرجار شێوەی بەرخوردی شەخسی بە خۆیەوە دەگرێت. ئاکامی ئەم شێوەیە ئەوەیە کە کارەکان بە زوویی دەڕواتە پێش.
- شێوەی دێموکراتیك ئەوەیە کە ئەندامەکان چالاکانە بەشداری گەڵاڵەڕێژی و بەڕێوەبردنن. ڕێبەری یارمەتیدەرە بۆ ئەوەیکە هەموو تواناکان وەگەڕ بخات و هەر کەس پێویستی بە یارمەتی بێت یارمەتیی بدات. ڕخنەکان بەرانبەر بە شێوازی کارە و نەك تاك. ڕێبەر و ڕێبەرایەتی هەوڵ دەدات کە کارەکان بە باشی بڕواتە پێش و کێشەکان بە شێوەیەکی باش و لە ڕێگای تێگەیشتنێکی هاوبەش چارەسەر دەکرێت.
- دوایین شێوە ئەوەیە کە ڕێبەر و ڕێبەرایەتی پاسیڤە. هەتا پرسیاریان لێ نەکرێت ڕێنوینی و ئاگاداری بە ئەندامان نادەن. ڕێبەرایەتی ڕخنە لە کاری کەس ناگرێت و هەر کەس بە هەر شێوەیەك پێی خۆش بێت کار دەکات و کێشەکان هەروا بە بێ چارەسەری دەمێننەوە.

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر ڕێبەری کاریزما و ڕێبەرایەی کاریزمایی کراوە کە ٤ تایبەتمەندی بۆ دەسنیشان دەکرێت:

- بەرهەمی کارەکان لە لای هەموو ئەندامان زیاتر لە ئاستی باوە.
- ئەندامان باوەڕ و متمانەی زۆریان بە ڕێبەرەکەیان هەیە.
- ئیدە و پێشنیارەکانی ڕێبەر بە دڵ ئاوەڵایی لە لای ئەندامان جێگە دەگرێت.



- هەم ڕێبەر و هەم ئەندامان ئامادەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان قوربانی بدەن و لە بەرژەوەندی تاکیی خۆیان چاوپۆشی بکەن.

بۆ ئەوەی کە ڕێبەرایەتییەکی کاریزما بتوانێ لە نێو ڕێکخراوێکدا ببێت پێویستی بە ئامانجێکی دیاریکراو هەیە کە یەکێك لە ئەرەکەکانی ڕێبەری کاریزمایە کە کاتێکی یەکجار زۆر بۆ فرموولە کردنی ئامانجەکە تەرخان دەکات. بەشێکی دیکەی ئەرکی ڕێبەرێك ئەوەیە کە بە شێوەیەك لەگەڵ ئەندامان هەڵسوکەوت بکات کە ئەندامان بە شێوەیەکی ڕوون بتوانن خۆیان لەو ئامانجەدا بناسنەوە و بۆ وەدیهاتنی هەوڵ بدەن.

تایبەتمەندی ڕێبەرێکی کاریزما ئەوەیە کە بۆ خۆی ڕیسك و مەترسییەکان قەبووڵ بکات. باوەڕ بەخۆبوون و هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر ئەندامان، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی کاریزمایە کە ئەویش لەو ڕێبەرە شەهیدانەی ئێمە بە ڕوونی دیار بوو.

تایبەتمەندیەکی دیکەی ڕێبەرێکی کاریزما ئەوەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی بتوانێ خێرا دژکردەوەکان بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات.

لە زانستی مودیرییەت باس لە جیاوازی لە نێوان ڕێبەری کاریزمای پێکهێنەر و ڕووخێنەر دەکرێت.

ئەو دوو شێوەیە تایبەتمەندی وەکوو یەکیکان زۆرە و گەورەترین جیاوازییان بوون یان نەبوونی ئوسولی ئەخلاقییە.

بوونی ئووسولی ئەخلاقی دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێبەرێك:

- هەوڵ بدات بۆ دروست کردنی عەلاقەیەکی گشتی لە نێو ئەندامان کە لەوێدا نیاز و ئەرزشی خۆیان لە ئامانجەکاندا ببیننەوە.
- هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی هێزی داهێنان و توانایی ڕخنەگرتنی سازندە.
- پێوەندییەکان بە شێوەی دروست دادەمەزرێت بۆ ئەوەی ئەندامان بە شێوەی ئەرێنی خۆیان پەروەردە بکەن.
- ئەندامان بۆ وەرگرتنی ڕخنەی ئەرێنی و نەرێنی بە دڵ ئاوەڵایی پەروەدە دەکرێن.
- دان بە توانای هاوکارەکانیان دەنێن.
- ڕێبەری هەموو چەشنە زانیارییەك لە ئیختیار ئەندامان دەنێت.
- ئەرزش و ئوسوولی ئەخلاقی هاوبەش لە نێو ئەندامامندا هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە عەلاقە بۆ کاری گشتی، قازانجی گشتی و کۆمەڵگا نیشان بدەن.
- هەوڵ دەدرێت کە ئەندامان بۆ خۆیان بەڕێوبەری ئەرکەکانی خۆیان بن.

نەبوونی ئوسوولی ئیخلاقی لە ڕێبەرێك دەبێتە هۆی ئەوە کە:

- تەنیا ئەو ئامانجانە تاقی دەکرێتەوە کە قازانجی شەخسی ڕێبەری تێدایە.
- کۆنترۆڵ و کاریگەریی لە سەر ئەندامان بۆ عەلاقەی شەخسی ڕێبەر یان ڕێبەرانە.
- کردەوەکان تەنیا بە قازانجی خۆیانە و نە قازانجی ڕێکخراوەکە.
- شێوەی بەڕێوەبەریەکی ئاکتۆریتەر (دیکتاتۆری).
- هیچ هەستێك لە بەرابنەر ویست و خواستی ئەندامان نییە.
- بیروبۆچوونی ئەندامان دەکەوێتە بەر ڕخنە و سانسۆر.
- پێوەندی یەك لایەنە واتە تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.
- داواکردن و چاوەڕوانی کە هەموو بڕیارەکان بەپێی ویستی ڕێبەر یان ڕێبەرایەتی بەڕێوە بچێت و نیازی کۆنترۆڵ لەسەر هەموو بەشەکان بە زەقی دیارە.
- چاوەڕوانی فەرمانبەریی کوێرکوێرانە لە ئەندامان دەکرێت.

ئەم شێوە لە ڕێبەرایەتی دەبێتە هۆی پەرەئەستاندنی کەمتەرخەمیی ئەندامەکان لە بەرامبەر ڕووداوەکانی نێو ڕیکخراوەکەدا.

ئێستا ئەگەر چاوێك لە ڕابردوو بکەین و بە هەڵسەنگاندی هەلومەرج و ئیمکاناتی ئەو کات زۆربەی نزیك بە تەواوی خاڵەکان کە بۆ ڕێبەرایەتییەکی کاریزما کە سەرچاوە لە ئوسوولی ئیخلاقی دەگرێت و پابەندی بەو ئوسوولەوە هەیە لە "د. قاسملوو و د. سەعید"دا بوونیان هەیە. لەگەڵ گەورە، گەورە بوون و لەگەڵ منداڵ، منداڵ. لە کاتی کار بە تواناوە کاریان دەکرد و لە کاتی ئازاددا لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی شۆخی و قسەی خۆشیان دەکرد. لەگەڵ باقی ئەندامانی حیزب لە ساڵۆنی نان خواردن نانیان دەخوارد و ڕێگایان نەدەدا جیاوازی لە نێوان ئەوان و باقی ئەندامانی حیزب پێك بێت.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە هەم د. قاسملوو و هەم د. سەعید بوویان ئەوە بوو کە سەرمایەگوزارییان لەسەر سەرمایە ئینسانییەکان بۆ حیزب دەکرد. زۆر جار تەماسیان لەگەڵ دۆستان و ناسراوانی خۆیان گرتووە و داوایان لێ کردوون یان ببن بە ئەندام بۆ ئەوەی پێیان وابوو کە حیزب دەتوانێ لە زانست و توانای ئەوان کەڵك وەرگرێت یان پێیان وا بوو کە ئەو کەسانە دەتوانن لە نێو حیزبدا کار بکەن و ئەرکی حیزبی بەڕێوە بەرن. یان ئەگەر نا داوایان لێ کردوون کە تەنانەت با ئەندامی حیزبیش نەبن ئەرکێك بۆ حیزب ڕاپەڕێنن. ئەوەش لە متمانە بەخۆ و باوەڕی ئەوان بە خۆیان و بە خەڵکەوە سەرچاوەی دەگرت.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان هیچ هەڵەیەکییان نەبوو و لە کاتی ڕێبەرایەتی ئەوان هەموو کارەکان بە باشی ڕۆیشتووەتە پێش. چونکوو ڕێبەرەکانیش مرۆڤن و هەڵە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و بەم پێیە تەنیا ڕێگا بۆ باشترکردنی شێوازی کار، چاولێکردنێکی ڕخنەگرانەیە لە ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی ئاکامی کردەوەکان بۆ ئەوەی کە دەرسیان لێ وەرگرین، بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە دووپات نەکەینەوە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 613 ▪ 22 Sep 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## زایـــەڵــــە

فاتێح ساڵحی

### نەرمی نواندنی قارەمانانە؟

نەرمی نواندنی قارەمانانە کە لەم ڕۆژانەدا بووەتە ڕۆژەڤی میدیاکانی ئێرانی و تەنانەت دەرەوەی وڵات، دەستەواژەیەکە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە حەوتووی ڕابردوودا لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەرماندەرانی سپای پاسداراندا هێنایە سەر زاری و پاش بەکارهێنانی لە لایەن ناوبراوەوە، چەندین شرۆڤە و ڕاڤەی لێ کەوتەوە.

ئەو کەسانەی کە لە بازنەی ڕێژیم و بە تایبەتی عەلی خامنەییدان، بە شێوەیەك ئەم پرسەیان خستە بەر باس کە وەبیرهێنەرەوەی ئاشتیی ئیمامی سێهەمی شیعەکان واتە ئیمام حەسەن بێت و تەنانەت هێندێکیان لەگەڵ ئاشتی حودەیبییە بەراوەردی دەکەن و بە دەسپێکی سەرکەوتنە مەزنەکان دەیشوبهێنن.

واتە بە گوتەی کاربەدەستانی ڕێژیم، نەرمی نواندنی قارەمانانە نەك هێمای پاشگەزبوونەوە و پاشەکشە نییە بەڵکوو دەسپێکێکە بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهاندا و بۆ پاساودانەوەی ئەم وتەی عەلی خامنەیی، تەنانەت دەستیشیان داوەتە چەواشەکردنی حەدیسەکانی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام و ئەو کەسانەی کە ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەیە لەهەمبەر ئەم وتەی خامنەیی بە کوفر و نەزانی تۆمەتباری دەکەن.

بەڵام لە ڕاستیدا بەکارهێنانی وەها دەستەواژەیەك لە بارودۆخی ئێستای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو هەلومەرجەی زاڵە بەسەر ناوچەکەدا بە تایبەتی لە سووریە، دەتوانێ هەڵگری چ واتایەك بێت؟

بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی ئابووری ئێران لە خراپترین دۆخی خۆیدایە و بەم پێیە زۆر دوور لە چاوەڕوانی نەبوو کە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لە هەمبەر زۆر یەك لە داواکارییەکانیان لە کاتی ئێستادا، پاشگەز ببنەوەو لە هەمبەر هەندێ ڕووداو و پرسی دیکەشدا بادەنەوە.

ئەم وتەی خامنەیی و باسکردن لە سیاسەتی بزە و وتووێژ وەبیرهێنەرەوەی هاتنە سەرکاری خاتەمییە لە ١٦ساڵ لەمەوپێش، واتە ئەو کاتەی کە ئابووریی ئێران لە گەشە وەستابوو و سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمیش بە هۆی تیرۆرە نێوخۆیی و دەرکییەکانی ڕێژیمەوە تووشی بنبەستێکی سیاسی هاتبوو. لەو کاتەدا خاتەمی بە سیاسەتی بزە و وتووێژی شارستانییەتەکان بوو بە سەرکۆمار و تا پێی کرا هەم بیرووڕای گشتیی لە نێوخۆدا بەلاڕێدا برد و هەم جیهانی دەرەوەشی نایە سەرکار.

ئێستاش بە لەبەرچاو گرتنی ئەم دۆخە هەنووکەییەی ڕێژیم و هاتنە سەرکاری ڕووحانی کە ئەویش ڕێك وەك خاتەمی پێڕەوی لە سیاسەتی بزە و دانوستان دەکات، دەیانهەوێ بۆ ماوەیەکی دیکە تەمەنی دزێوی دەسەڵاتدارییان درێژ بکەنەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و لە سەرووی هەموویانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناوکییەکانیان کات بکڕن و جارێکی دیکە بە چەواشەکاری و فرت و فێڵ بیرووڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە لاڕێدا بەرن.

ئەگینا هەمووان دەزانن بەکارهێنانی وەها دەستەواژەیەك و نەرمی نواندن لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا لەم کاتە زەمەنییەدا شکستێکی دیکەی دیپلۆماسییە بۆ سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم و دەرفەتێکە بۆ کات کڕین و کات کوشتنەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم.

## ئایدز نەخۆشییەکی بکوژ نییە




دوکتور هێند خەتیبی بەڕێوەبەری هەرێمیی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دژایەتیکردنی ئایدز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتی: ئێستا ئایدز نەخۆشییەکی بکوژ نییە و جیهان هەنگاوی بەرچاوی لە دژایەتیکردنیدا ناوە.

ئەو بەرپرسە وتی ئێستا هەوڵەکانی خۆمان لەسەر ئەفەریقا چڕ کردووەتەوە لەبەر ئەوەی کیشوەرێکە زۆرترین ژمارەی تووشبووانی ئەو نەخۆشییەی تێدایە و وتی ئامانجی سەرەکیی بەرنامەکەمان، سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ئایدزە.

خەتیب هەروەها وتی ئەو وڵاتانەی کاریان لەسەر دەکەین تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەو ژمارەیەی وڵاتان دەماندەنێ ورد نییە و هەندێك دەوڵەت ڕاستییەکان دەشارنەوە.

بەرپرسەکەی un وتی ئەو سەردەمەی کە ئایدزی بە نەخۆشییەکی بکوژ تێدا ناو دەبرا بەسەر چووە و ئەو دەرمانانەی ئێستا هەن و وڵاتان بە خۆڕایی دەیدەنە تووشبووەکان توانیویەتی بکوژیی نەخۆشییەکە کەم بکاتەوە، هەرچەندە تا ئێستاش ئایدز نەخۆشییەکی مەترسیدارە.

هەروەها وتی هۆکارەکانی ئایدز زۆرن وەك سێکس و هەروەها بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و وتی توێژینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە لە میسر و سوودان و یەمەن لادان لە پێوەندیی سێکسی ئاسایی دیارترین هۆکاری تووشبوونە بە ئایدزە و ١٢ لە سەدی بەکاربەرانی مادە هۆشبەرەکانیش تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن.

## بۆیەکردنی پرچ مەترسیدارە

بارودۆخی خراپی ئافرەتێکی بریتانیایی نیشانەی پرسیاری زۆری خستە سەر مەترسیی بەکارهێنانی بۆیەکانی ڕەنگاوڕەنگ کردنی قژ، چونکە ئەو ئافرەتە لەبەردەم ئەگەری مردندایە.

ئافرەتە بریتانیاییەکە کە تەمەنی ٣٨ ساڵە چووەتە دۆخێکی بێهۆشییەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو ئافرەتە هەستی بە بێهۆشی کردووە دوای بەکارهێنانی بۆیەیەکی قژ لە بەرهەمی کۆمپانیای لۆریالی بەناوبانگ و پزیشکەکان دەڵێن هەلی مانەوەی لە ژیاندا ٨ لە سەدە و هەلی چاکبوونەوەشی سفرە لە سەد.

دۆخی ئەو ئافرەتە نوێترین حاڵەتە کە ڕۆژنامەکان باسی دەکەن و پێشتر

زۆرینە پێیان وایە هۆکاری ئەو بێهۆشییە پێکهاتەیەکی ناو بۆیەکەیە کە ناوی بی فنیلیدیامینە و ئەو پێکهاتەیە لە ٩٠ لە سەدی هەموو بۆیەکانی قژدا بەکار دەهێنرێت و تەنانەت لە هەندێك ماکیاژ و قوماش و کاغەزیشدا بەکار دەهێنرێت و بەکارهێنانی لە چەندین جۆری ماکیاژدا قەدەخە کراوە.

پێکهاتەکە کە بی بی دی پێدەگوترێ توانایەکی زۆری هەیە لە گۆڕینی ڕەنگی قژدا و تا ئێستا جێگرەوەی نییە و چاودێرانی کۆمپانیاکان دەڵێن تا ئێستا نەیانتوانیوە جێگرەوەی بۆبدۆزنەوە.



ئافرەتێکی گەنجی بەریتانیایی دوای ٢٠ خولەك لە بەکارهێنانی بۆیەیەکی قژ تووشی بێهۆشییەکی زۆر بوو و مرد.

## فەیسبووک هەستی بەختەوەری کەم دەکاتەوە

توێژینەوەیەکی ئەمریکایی ئاشکرای کردووە ماڵپەڕی فەیسبووك ڕۆڵی هەیە لە تێکدانی مەزاجی خەڵك و لاوازکردنی هەستکردن بە بەختەوەری لای تاکەکان.

توێژینەوەکە تیشکی خستووەتە سەر کاریگەریی چاو و هەست بەرامبەر هێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەچوونە ناو جیهانی بەرجەستەوە.

توێژینەوەیەکی زانکۆی میشیگان دەریخستووە کە فەیسبووك پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تێکچوونی ئاوەزی مرۆڤەوە هەیە.

توێژینەوەکە کە زانایانی دەروونناسی ئەمریکایی ئەنجامیانداوە دەریدەخات کە بەکارهێنانی ئەو تۆڕە هاوکاتە لەگەڵ پاشەکشەی هەستکردن بەبەختەوەری و هەستکردن بە دڵتەنگی.

زاناکان وتیان تۆڕەکە هەستی خۆشی دەگۆڕێت بۆ ناخۆشی کاتێك بەکاربەر لاپەڕەی هاوڕێکانی دەبینێت و ژمارەی لایك و کۆمێنتەکانیان دەبینێت، ئەوکات هەست بە دڵتەنگی دەکات و خۆشی لە دڵیدا نامێنێت.

